# بەیان

''هۆنراوە''

ح.س.سۆران





# بەیان

**(هۆنراوە)**

**حەسەن سەلاح (سۆران)**

**1376 ی هەتاوی**

**ناسنامەی کتێب :**

**ناوی کتێب :** بەیان
**هۆنەر :** ح.س. (سۆران)
**ساڵی بڵاوکردنەوە :** 2709ی کوردی (2009) ی زاینی .
**چاپەمەنی : ئێلێکترۆنیکی**
**تیراژ :** 2000

**سپاس و پێزانین :**

**لە کانی دەڵەوە سپاس لە ڕێزدار کاک نادر فەتحی ( شوانە ) ، بەرپرسی ماڵپەڕی هێژای ڕۆژهەڵات/بۆکان ، لە ئەلمان دەکەم ، کە بۆ بژاری وشە ، دارشتن و پیتچنی ئەم کتێبە زۆر خۆی ماندو کرد .**

**ح.س.سۆران 2709/4/17 ی کوردی .**

## پێرست :


لاپەڕە

سەرەتا ........................................................ 5
بەیان ........................................................ 6
ڕۆژ ........................................................ 6
بەرەو بەهار ........................................................ 8
ژوان ........................................................ 9
تەمەنی داهاتو ........................................................ 10
وەسیەتنامە ........................................................ 11
چوارین ........................................................ 11
باغی ژین ........................................................ 12
ئاشی ئەسرین ........................................................ 22
کاروانی کەزیەکاڵ ........................................................ 22
بای غەزەلخوان ........................................................ 23
ئەسرینی شادی ........................................................ 25
نا ........................................................ 25
زستانی موکریان ........................................................ 26
کورد ........................................................ 27
تاو ........................................................ 27
زینی زەمان ........................................................ 28
چوارین ........................................................ 29
فرمێسکی ڕۆح ........................................................ 30
تابلۆی زستان ........................................................ 31
خۆر ........................................................ 32
بڵێسەی ئەوین ........................................................ 33
قانوونی ژین ........................................................ 34
چوارین ........................................................ 35
شیوەنی هۆنەران بۆ حەڵەبچە ........................................ 36
مافی مرۆڤ ........................................................ 38
شانۆی ساڵی تازە ........................................................ 39
مامە قالە ........................................................ 40
چاکە چاکە ........................................................ 42
داوەتی مەی ........................................................ 43
هەستی هۆنەر ........................................................ 45
وەرە ساقی ........................................................ 46
دیمەنی بەهار ........................................................ 47
چوارین ........................................................ 48
تەمەنی مرۆڤ ........................................................ 49
جەژنە پیرۆزەی نەورۆز ........................................ 49

**لاپەڕە**


شەبەقی زەردەخەنە ............................................. 50
یەکیەتی ............................................. 50
ئاوری نەورۆز ............................................. 51
ئامۆژگاری پرشنگ ............................................. 53
سەوزو ............................................. 55
برووسکەی هەنیسك ............................................. 56
چەماوە ............................................. 56
کەوای ئەوین ............................................. 57
شێوەدی بابا مەڕدووخ ......................................... 58
چوارین ............................................. 58
خۆشەویستی ............................................. 59
پەلەوەرەکانی باغی ئاوات ..................................... 59
ئازادی ............................................. 60
هات و نەهات ............................................. 60
کارەساتی عیشق ............................................. 61
چارەنووسی گوڵۆک ............................................. 61
تاڵە ............................................. 62
خام ............................................. 62
خەزان ............................................. 63
بەزمی مەیخانە ............................................. 64
چوارین ............................................. 64
ژن ............................................. 65

# سەرەتا

## بەناوی کوردستانی گەورە

soransa@hotmail.com

**دیسانەوە خۆم بە بەختیار دەزانم، کە کتێبێکی دیکەش بە کتێبخانەی ئەدەبی کوردی پێشکەش دەکەم.**

بەر لە هەموو شتێک پێویستە بڵێم، کە بۆچی ناوی (بەیان)م، بۆ ئەم کتێبە هەڵبژارد:

1. **(بەیان)** بەرزترین کێوێکە، لە چەند کیلۆمێتری رۆژهەڵاتی زێدەکەی من، واتە ئاوایی ساروقامیشی فەیزوڵڵابەگی، کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شارۆچکەی بۆکان. ئەم کێوە لە ئەدەبی کوردەواریدا نەخشێکی بەرچاوی هەیە. رەنگە ناوی ئەم کێوە بەمانای ئەمە بێ، ئەوەندە بەرزە، کە گشت کاتێک، بەر لە هەمو جێیەک، بەیان لە دوندی ئەو شەبەق دەدا، واتە تەواوی بەیانان، هەتاو بەر لە هەموو جێیەک، سڵاو لە ترۆپەی کێوی بەیان دەکا.
2. وشەی **(بەیان)**، بە مانای (سەحەر) یش دێ. لە ئەدەبی گەلی کورددا، هەمیشە بەربەیان بە کاتی تەواوبوونی شەو و هاتنی رۆژ دانراوە.
3. وشەی **(بەیان)** بەمانای چەشنی قسە کردنیشە و نوتق و بەیان بە یەکێک لە گەورەترین خەڵاتەکانی خودا بۆ مرۆڤ دادەنرێ و بە کەرەسەی بەیان، مرۆڤ دەتوانێ ویستی دەروونی بە زمانی زگماکی خۆی و زمانگەلی دیکە دەربڕێ، کە ئەمەش لە گەورەترین نیعمەتەکانە.
4. وشەی **(بەیان)** بە مانای بەهێگەلیشە، کە بەهێ لە ئەدەبی کوردیدا، دروشمی هەستی پاک و بەرامی خۆشە.

کە بە هیوام ئەم کتێبە لە ئەو چوار خەسڵەتەی کە لە سەرەوە باسم کردن، بێ بەش نەبێ و بە هۆی خشڵی سەرنجی خوێنەرانی ئەدەبخواز و وێژەوانیش برازێنێتەوە و ببێ بە **(بەیان)** ێکی راستەقینە.

سەبارەت بە تایبەتمەندی هۆنراوەکانی ئەم کتێبە دەبێ بڵێم، کە تەواوی ئەو هۆنراوانە، هەڵبژاردەیەکن لە شیعرەکانم، کە خوێنەرانی بەڕێز لە چل ساڵی رابردودا بە یەکێک لە ئەم لەونانەی خوارەوە بۆخۆیان هەڵیانبژاردوون :

1. یا لە بەرنامەگەلی **رادیۆ تێلێویزیۆنیدا**، بڵاویان کردوونەتەوە.
2. یا لە **کتێب، گۆڤار، رۆژنامە** و شتی وادا، بەهۆی خوێنەرانەوە بڵاوکراونەوە.
3. یا کردوونیان بە **گۆرانی** و بە چەشنی شریت یا کاسێت لە بازاڕ بڵاوکرانەوە.
4. یا بە لەونێکی دیکە هەڵیانبژاردوون.

کە بۆ کورتکردنەوەی باسەکە، تەنیا لەژێر چەند پارچە هەڵبەست دا،ئاماژەم بە سەرچاوی هەڵبژاردنی هۆنراوەکە کردوە .

ح. س. (سۆران)

## بەیان

سەری سنگت دەڵێی باغی بەیانە[1]
بزەی لێوت وەکو غونچەی بەیانە[2]

بە شیری رووت[3] قەڵەم کەوتە گۆڕوگاڵ
وتەی من بۆیە شاکاری بەیانە[4]

(1) بەیانە - بەهێیە.
(2) بەیانە - دەم بەیانە.
(3) شیری رووت - شمشێری برۆت - شمشێری بێ قەڵغان - شیری (سپیایی) خالیس.
(4) بەیانە - بەیان و کەلامە. واتە : سەری سنگت وەک باغی بەهێ وایە، بزەی لێوت وەک غونچەی دەم بەیانە، بە شمشێری برۆت پێنووس زمانی گرت یا بە شیری خالیس زمانی گرت، لەبەر ئەمە وتەکانی من شازە.

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## رۆژ

کاتی ئیش و راپەڕینە، دەرفەتی زێرینە رۆژ
سەردەمی هەوڵ و خەباتە، گۆڕەپانی[1] ژینە رۆژ

دوژمنی پڕ شەوقی زوڵمە، بەرگری تاریکیە
ناحەزی جەردە و نەیارە، روون و بێ پەرژینە رۆژ

دیمەنی هێزی هەتاوە، مەزهەری رووناکیە
وەرزی تیشک و تاوی تاوە، چلچرای رۆژینە رۆژ

شەو گەلاوێژ و سورەییا لێ ئەدەن چەشمەک لە دوور
جێژوانی راستەقینەی زوهرە و پەروینە رۆژ

لانکی دەرد و پەژارە و شیوەنی سەرشینە[2] شەو
جەژنی سەیری دەشتی سەوز و چیمەنی سەرشینە[3] رۆژ

بۆ نەخۆش و دەردەداران وا درێژە ساڵە شەو
بۆ تەواوی ئەهلی کۆشش، دڵبەر و شیرینە رۆژ

شەمشەمەکوێرە بەکەیفە، کوندەبو بێدارە شەو
پێکەنینی سەقر و باز و کۆتری نەخشینە رۆژ

شەو دوروشمی بێڕەواقی و بێدەقی و بنێزاریە
فەسڵی لەبخەندی وەنەوشە و لەنجەی نەسرینە رۆژ

شەو هەلێکە زۆر بەکەڵکە بۆ نەیار و تۆڵەسەن
دوژمنی قین و تەقینە[4] ، جەژنی هی بێقینە رۆژ

تووڕە و توخس و نەمرچە، ناحەز و رووتاڵە شەو
دڵگەش و رووخۆس و شەنگە، وەک بزەی زێوینە رۆژ

هەستە سۆران، رۆژی روونە، وا شەبەق ئاسۆی شکاند
وەختی هەستانی سروشتە، کاتی تێکۆشینە رۆژ

تاران - 17/ 10/ 66

(1) گۆڕەپان - مەیدان.
(2) سەرشین - قوربەسەر.
(3) سەرشین - شتێ کە سەوز و خوڕەمە.
(4) تەقین - ئینفیجار.

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .



# بەرەو بەهار بەهار :

شنەی شەماڵی ساڵی نوێ ، لە دەنگی چەنگ و نەی ئەچێ،
نەشەی نەسیمی نەوبەهار ، لە مەستی جامی مەی ئەچێ،
بزەی هەتاوی دەم بەیان لە کۆشکی سەوزی سەر بەیان (1) ،
لە ساجی عاج و تاجێ لاج ، لە خاج و کاجی دەی ئەچێ،
سەرنجی کۆشکی کێوەکان ، لە تاج و تەختی کەی ئەچێ .

بەفری هەوار و دەم نسار ، بە تینی تاو توانەوە،
بە هۆی کلیلی تیشکی خۆر ، کلیلەکان کرانەوە،
هەرەس لە شاخی لێژەوە ، لە جێ خەوی لەمێژەوە،
دەبنە زنەی زناوی زۆنگ ، لە بەندەن و تەلانەوە،
شەتاوی ئاوی بەفری ماو ، بەرەو بەحر گەڕانەوە .

هەوری رەشی پۆڕی نەوی ، لە نێو سەما، سەما ئەکەن،
لەتەک مژا هەلئەپەڕن ، کایە لەگەڵ تەما ئەکەن (2) ،
بە ناڵە ناڵ و گاڵە گاڵە ، بە رەنگی تاڵ و دەنگی زاڵ،
دەتۆقێ کارگ و کانیاو ، گاڵتە لەگەڵ کەما ئەکەن(3) ،
لە چۆڵ و هۆڵ و دەشت ودەر ،دڵۆپی ئاو بەبا ئەکەن .

کەوانی کۆلکە زێڕینە ، خێوەتی رەنگی هەلئەدا،
لە تیشکی رۆژی حەوت شەبەق ، دەواری فا تەقەڵ ئەدا،
بە چەشنی تاقی نەسرەتە ، دروشمی پۆز و شەکەتەو،
مەقدەمی چڵ ئەکاتە گوڵ ، لە جێی بەدەڵ ، خەزەڵ ئەدا،
پەرەنگی شەنگ و مەنگی رەنگ ، لە کرمەکی کەژەل ئەدا.

بووکی سروشتی کێو و کەژ ، کراسی گوڵ لەبەر ئەکا،
دوندی بلیندی شاخەکان ، پەچەی هەڵم لەسەر ئەکا،
سۆران لە مێرگ و دەشت و دەر ، خیلێ گەزیزە دێتە دەر،
لە سەوڵی شینی بەر کەمەر ، کەڵانە(4)بۆ کەمەر ئەکا،
سروودی سروە سەر ئەدا ، خونکاری شەختە دەر ئەکا .

مانای چەند وشە :
(1) بەیان = کێوێکە لە ناوچەی هەوشار .
(2) کایە لەگەڵ تەما ئەکە = کایە لەگەڵ هەڵمدا ئەکا ؛ کایە لەگەڵ ئارەزودا ئەکا .
(3) گاڵتە لەگەڵ کەما ئەکەن = کایە لەگەڵ گیای کەمادا ئەکەن ؛ کایەلەگەڵ شتی کەمدا ئەکەن .
(4) کەڵانە = چەشنە خشڵێکە .
ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

# ژوان:

لە ڕۆژی هەووەڵی ژینم ، فەلەك شیری غەمی دامێ
کە ڕووناکی جیهانم دی ، شەوارەی[1] ماتەمی دامێ

بەسەرهاتم لەگەڵ مندا ، ڕقەی[2] بو لە بواری ژین
هەچی نەمویست فرەی کرد و ئەوەی ویستم کەمی دامێ

بەشی خەڵکی گوڵستانە و هەرێمی[3] دەشت و نەرمانە
منیش خالق ، بە کەیفی خۆی ،کەژ و کێوی تەمی دامێ

سەرێ ویستم ، بە شەوقی دڵ بکەم شەوڕاوی پەروانە
لە سامانی پەپوولە و شەم ، فەقەت ئەشکی شەمی دامێ

خەڵك عاشق بە ئەندام و بە بسکی خاوی مەعشووقن
ئەمن عەشقی کەل و شاخ و گەزیزەی دەم چەمی دامێ

دەمێ ویستم بکەم سەیرێ ، لە باغی سیژژی خەلقەتدا،
لەری بیرم ، بە سەرسامی ، هەواڵی عەستەمی دامێ

لەگەڵ ئەنواعی مەخلووقا ، دەبێ تۆفیری من چی بێ؟
کە وا ، دەستی قەزا هات و گزیری[4] عالەمی دامێ ؟

سەرێکم بو ، سەراپەردەی بەزە و ئەفکاری واتایی[5]
ئەسەف هەرکەس،کەلێی دانیشت، سەرنجی دەمدەمی دامێ

ئومێدم بو ، لە دنیادا ، فریشتە هادەمی من بێ
کەچی ، یاری جەفاکار و سڵ و کەمتەرخەمی دامێ

تەرازوی کێشی سەرسەنگی ،قیاسی لاوی و پیری
هەتا ڕۆیی ، بە سەرلاری،لەوی کەم کرد ،لەمی دامێ

بەڵێنم دا کە بیچپژم، لە شەهدی ژوانی واتایی
کچی دنیا بە عەییاری ، لە هەنگوینی دەمی دامێ

لە بازاڕی زەڕەندووزان ، ئەمن شمشی ڕەزم جەم کرد
سەبا موژدەی خەت وخاڵ و ، خەیاتەی پەرچەمی دامێ

به دەفری خاسەمەی[6] هەستەو ، دڵی وەك حاتەمی دامێ
ئەمن هۆگر بە ئادابی بەڕێزی جوانی کوردانەم

بەڵام هەرکەس کە وەسفم کرد، وەڵامێکی زەمی دامێ
دڵم گیری چڵی کەزیەی وەنەوشەی کێوی شاهۆیە

لە بەستێنی ئەویندارى ، نەبو کەس هاوەڵی من بێ
لە پێناوی گەل و هۆزم ، دڵۆوانی[7] مەمی دامێ

هەمو بادەی جیهان پاکی لە جامی قەلبی من جەم بو
لەسەر پەردەی خەیاڵاتم، ئەزەل جامی جەمی دامێ

بە سۆرانی گەلێ ساڵە ، دەبێژم زەمزەمەی مەستی
کەچی ساقی، بە عەزمی زەم ، هەواڵی زەمزەمی دامێ

ئەم هۆنراوەیە چەند جار لە بەشی کوردی رادیۆ تارانەوە خوێندراوەتەوە و رۆژی 1376/05/30 یش لە ساڵۆنی سینەما تەربیەت، لە شاری مەهاباد خوێندومەتەوە.

ح. س. سۆران

(1) شەوارە - بەرچاوڕەش بوون
(2) ڕقە - ململانێ
(3) هەرێم - مەڵبەند
(4) گزیر - پاکار
(5) واتایی - مەعنەوی
(6) خاسەمەی - مەیی مەعریفەت
(7) دڵۆوانی - هەستیاری

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## تەمەنی داهاتو

عومری داهاتاو چون نادیارە
خەیاڵپڵاو و گاڵتەو قومارە
سۆران بیری خۆت بەو خەریک مەکە
چون ئیحتیمالی یەک بە هەزارە

## وەسیەتنامە

کە من مردم لە سابڵاغم بنێژن
لە کن هێمن مەزارم دابڕێژن
لەسەر قەبرم مەکەن گریان و شیوەن
چەمی ئەسرین لە بۆ من هەڵمەڕێژن
بڵێن بەستە و مەقامی عاشقانە
سروودی عەشقی ئەم مەڵبەندە بێژن
لەگەڵ دەنگی کەمان و عوود و سەنتوور
مەزەی مزری بە تامی مەی بچێژن
لە خەندە رووبنێن تاجی گوڵی سوور
شەپۆرم بۆ مەکەن، بیکەن بە جێژن
خوڕەی ئەسرین مەکەن تێکەڵ لەگەڵ خۆڵ
لە تۆزی من چەپۆڵی قوڕ مەپێژن
عیبادەت شادیە بۆ ئەهلی عیرفان
بەغەیری باسی "مەی" چیدی مەبێژن
دەزانن چی دەڵێ سۆرانی زیندو
ئەوانەی عارفی گێژاوی گێژن

1367 /11 /10

## چوارین

دەم دەمێکە، دەمدەمی دڵدارییە سەر سەرێکە، سەرسەری سەرداریە
ئەو زەمانی سووری خۆی لێ بادەدا باغی سەوزی ئەم سەرە بەربا دەدا

1367

# باغی ژین

من لە مەیدانی ئەدەبدا، رەخشی هەستم زین ئەکەم
ئاوی باغی شێعر ئەدێرم ، ئەشکی رۆح ئاژین ئەکەم
شاعیری دی عاشقێکن دیلی کەزیە و داوی خاڵ
من ئەوینی سەرزەمینم ، زەمزەمە و تەمرین ئەکەم
عاشقی شیو و شەتاوی شاخی شاهۆ و ئایەنم[1]
کەی هەوای شار و شەقامی نەمسە[2] و ماچین[3] ئەکەم
خاوەنی جوانی بەیانی دەشتی بانی هۆبەتووم
کەڵکەڵەی سەیران و گەشتی ئامەد و ئەفرین ئەکەم
مەشق و تەکلیفی شەوانەم، دەرسی عیشقی زێدمە[4]
عەکسی کوردستان ئەکێشم، سەیری باغی ژین ئەکەم
لاگری شەرم و یقاری شۆخ و شەنگی خێڵەکیم
کەی نەزارەی کیژی پەنکی[5] لەندەن و توورین ئەکەم
تا ئەدیبی چون وەفایی و قانیع و نالیم ببێ
چی لە ئەشعاری وەزینی گۆتە[6] و راسین[7] وەکەم
شێعری ئیلیاد[8] و ئۆدیسە ، بابەتی مامۆمەرە[9]
مەیلی چیرۆکی ئەوینی لاس و خاتوزین ئەکەم
بۆچمە ناوی دزێوی هەندەران و هاتەران
مەدحی نێوی جوانی زین و زایەڵە و زێوین ئەکەم
کێوی چون قەندیلی قنج و شاخی ئالانم هەیە
سەیری قوببەی کەلە قەند و قولەیی بەفرین ئەکەم

دیمەنی داوێنی سەوزی[10] پیرەنەم من بۆچیە
سەیری شانۆی شەنگ وشینی چلچەمەی رەنگین ئەکەم
لاوی خوێنکاری بزانم رێبەری رێگەی منە
چی لە تەکمیل و تەکامول، فەلسەفەی تەکوین[11] ئەکەم
نامەوێ بیر و خەیاڵی لار و چەوتی لاوەکی
رێڕەوی تاهایە[12] بیرم ، پەیڕەوی شەمزین ئەکەم
کاخی وێرسا[13] شوینەواری دەورەیی زۆرداریە
فەخری تالاری بەرینی قەسرەکەی شیرین ئەکەم
دەنگی ئاهەنگی فەرەنگی بێمەزە و بێمایەیە
گوێ لە باڵۆرەی حەزینی ئەستی و بەنگین ئەکەم
باسی نەققاشی رەفایل ، کۆنە و دوویاتەیە
وەسفی نەخشی دەستی ناهید[14]،پەنجەیی نەخشین ئەکەم
هۆگری ئەهرامی میسر و هەیکەلی ڤینووس[15] نیم
سەیری نووکی شاخی قیت و پەیکەری بەردین ئەکەم
زرقوبرقی زێر و زێوی لاوەکی بێ بایەخە
کەڵکەڵەی کەزیەی کەوانی کۆڵەکەی زێرین[16] ئەکەم
من لە جێگەی دەسرەدەستی گەردنی دڵداری شەنگ
مەدحی هەوری[17] دەوری دوندی کورتەکی هەورین ئەکەم
تا گەلاوێژی بەیانی رۆژی ئاسمانی شەوە
چی لە سەییارەی بیانی، زوهرە و پەروین ئەکەم

هەر  لە  دەریاچەی  مەریوان ، تا بە ورمێ و گۆلی وان

باسی کوردی  ئێرەوان  و  خەڵکەکەی  لاچین  ئەکەم

ئەز   لە قارس  تا  سیواس  و  بایەزید و جۆلە مێرگ

یادی هەولێر و  ـقەلاکەیـشارەکەی  دێرین  ئەکەم

فەخری کوردە شوێنەواری  غاری  کۆنی  فەخرەقا

ئافەرینی دەست و پەنجە  و  مرخی پۆلایین ئەکەم

چونکە  دەریا  لەم  هەرێمە ، دەستنەکە وتەو  قاتیە

کەشتی   هیوا رەوانەی بەحری دەشتی شین ئەکەم

ئەچمە بانی  عەرزی  تەرزی  شاخی  سەربەرزی تەتە

سەریری  هەورامانی تەخت  و  پاوە و  هەرسین  ئەکەم

هێندە  خۆشە  سەیر  و  گەشتی هاوینانی  سەرچنار

هەر  لە  پایزرا  بە تاسە  چاوەڕێی  هاوین  ئەکەم

زۆر  لە  مێژە  دائەشۆرم ، خوێنی سووری  دڵ  بە  ئاو

تازە  هێشتا زەممی  خوێن  و  شۆڕشی  خوێنین ئەکەم

بۆیە   وشکە   دێمی   مووچەی  خاکە  پاکە چاکەکەم

چون  لە  چاوانەی  سوروشتا، باڕنی  ئەسرین   ئەکەم

من  کە  تۆقیوم  لە  تۆقەی  مووشەکی  ئیسکات  و   میگ

کوانێ  باسی   تاقوتۆق    و  تەقتەقە  و  تۆقین ئەکەم

ئێمە  کوردین   عاشقانی   باڵی   سیمورغی   سوڵح

بۆچی  وەسفی  دێوی کێشەو  قار و  تۆڵە و قین   ئەکەم

تەقتەق   و   نەوتی شنۆیە   دەر ئە هێنم من لە کان

چاوەدێری   نەوتی شاە   و  دەشتی خانەقین  ئەکەم

نەوتی   دەوری  بابە گوڕگور ، بەرهەمی  کەموێنەیە

دەوڵەمەندم، باسی مافی گازەڵ و  بەنزین        ئەکەم

مێزۆپۆتامی      کە      واتەی      بەینی دو ئاوان   ئەدا

هەم لە مەشریق،هەم لە مەغریب،هێزی لێ دابین ئەکەم

سەددەکەی   بۆکان    و   دۆکان ،ئاوی دو چاوی منن

بەم سروشکە،خاکی خەڵکی، پڕگوڵ و نەسرین  ئەکەم

گەرچی گوڵخانەی سروشتە ، دەشتی پانی  شارەزوور

بۆ لەباتی   چەپکی   مینا ، راوی چاڵی مین ئەکەم ؟

گەر بەهەشت جێی پیاوی ئەبلەو چڵکن و  بێکارەیە؟

ئارەزوی    قاری   جەهەننەم ، ئاگری  پڕتین   ئەکەم

گەر   نەزانی   و   بێشعووری  ،  بەڵگەیی  دینداریە؟

حەز   لە   کوففاری   بزان   و   عالمی بێدین ئەکەم

فاتیحا   بۆ    ئێدیسۆن     و    ئەهلی    بەیتی  رۆشنی

زیکری  دینام  و  تەوژمی  موعجیزەی توربین ئەکەم

کوردی خۆراسان و جابان ،  تێکەڵی  باکوور  ئەبن

پشت  لە  ئەفسانەی قەزا و رو  لە تێکۆشین  ئەکەم

چزلە هەرکەس دەم لە جێی ئەودەسبەجێ سەنکۆپ ئەبم

هێندە خوێنپاکم ، بە عەینی  هەر لە مێشەنگوین ئەکەم

کوردی ئاوارەی وڵاتان ، دێنەوە بۆ زێدی خۆ
سەنعەت و زانست ئەهێنن، چاوی ناحەز هین ئەکەم
چونکە پڕ چینی نیشانەی مەینەتە ، نێو چاوی من
چاوەڕێی دادی جیهانی و کۆمەڵی بێچین ئەکەم
مامە شەیتانیش بە کوردی فاتیحە و دۆعا بکا
من لە پشتی نوێژ ئەخوێنم ، وەك عەرەب ئامین ئەکەم
گەر خودا عارەب نەژادە و شارەزای کوردی نیە
شەرتە نوێژی بۆ نەخوێنم، دوژمنی ئایین ئەکەم
خێڵی ئەڵلاە و ئیلاهەی نێر و مێو و کەسنەدیو
لێو و زارم دائەدوورن، وسکوتی سەنگین ئەکەم
کاتێ جوانی وخوشەویستی،عەیب وشەرمە وشوورەیی
عاشقی شەیتانی مەرگم ، زیندەگی نیفرین ئەکەم
ئەچمە مەیخانەی سەداقەت ، بۆ توافی مەیفرۆش
چش لە بوتخانەی ریا و باوەڕی نەنگین ئەکەم
ئەسڵەحەم پێنووسی دەسمە، سەنگەرم سەفحەی کتێب
خوێنەری ڕۆمانی عیلمم، خزمەتی زانین ئەکەم
من کە نەنکم ئەردەڵانە و باوە گەورەم موکریە
نوختەیی پەرگاری کورد م و خەتتی گە تەبیین ئەکەم
با خودا بۆ خۆ نەتاشین ، هەم بە تەشوێ و هەم بە بیر
وەسفی هێزی کەمنەزیری( شین )و (میم) و ( سین)ئەکەم

هێندە هۆنەر باسی کەزیە و پەرچەمی سەر خاڵی کرد!

حەسرەتی بەیداغی کورد و پەرچەمی رەنگین ئەکەم

بۆ بەدەستهێنانی مافم ، دەچمە سەر دوندی خەبات

شارەوانی شاری شێرم ، هەر لە هۆشیمین ئەکەم

لە وڵاتی کۆنی مندا ، کە غەریبە خانەخوێن

هێندە هیچکارە و غەوارەم ، هەر لە خەڵکی چین ئەکەم

زێد ئەبێ پان و پتەو بێ ، نەك کولۆر و لابەتاڵ

تێزی پان ی کوردەواری راڤە و تەدوین ئەکەم

هەر پەلێکم دەردی جوێیە ، جۆربەجۆرە دەردە کورد

لە تەواوی پیچ بەشمدا ، پەلپەلە ناڵینەکەم

بۆ مەحە کلێدانی خەڵکی، تاقە باسێ بەس نیە

من بە کێشانەی تەرازو ، خێر و شەڕ تەوزین ئەکەم

وەک دڵۆپێکی چکۆلەم ، لە شەپۆلی بەحری گەل ،

زەممی جننی خۆپەرەستی و مۆکڵی خۆبین ئەکەم.

ئەبمە ئەستێرەی پچووکی کاکەشانی روونی خەڵک ،

جەرگی تاریکی ئەپێکم، شەوقی گەش دەستچین ئەکەم .

ئەز لە جێگەی پیاوی پیسی خاوەنی ریش و عەبا ،

لاگری عیسانی پاکی لایک و لادین ئەکەم .

هۆگری ئایینی کوردی و یاری یارستانە دڵ ،

حەز لە فەرهەنگی یەزیدی و شێعری شاخۆشین ئەکەم .

نوختە نوختەی ئەم هەرێمە   جێی برینی گوشیە ،

بۆ کۆتانی تۆپ  وموشەک،هەرلە هیندوچین  ئەکەم .

باوەکو   قەلبم بە جارێ غەرقی خوێناوی غەمە    ،

من لە جێگەی تۆڵە سەندن، عەزمی دڵشۆرین  ئەکەم .

بۆ بەیانی خۆشەویستی دەشت و کوێستانی زەمەند،

شامەمێکم  بێ محابا، وەسفی  عەشقی زین  ئەکەم.

هۆنەرێکی   قارەمانم ، شێعرەکەم   بۆمبی گەلە    ،

بۆ  تەقانی شێعری سەوتی، هەر لە مۆتەی دین ئەکەم .

دەچمە  هەر کۆڕێ، بە تەپڵەو  دێمە  سەر  باسی  خەبات،

بۆ   دەمانی ئاوری  هەست ، هەر  لە  نەفتالین ئەکەم .

فەلسەفەی { کەچ ئەز یو کەن کەچ} ، مەزهەری  بێدادیە ،

پەیرەوی ڕێبازی بەرزی کۆمەڵی بێچین      ئەکەم .

ڕێگەی     ئاسن      ئەچێتە     شاخی    هەورامانەوە ؟

کامە     ڕێگە ، ئێستەکانێش        هێسترە  ماشینەکەم

شێعرەکانم  ئەشکی ڕۆحن ،تێك ئەدەن   بەندی ستەم

عاشقی   هارەی   چەماوم  ،  چاوەڕێی  بارین ئەکەم

چونکە ئەجداد م  لە  خەودا ، ژینی خۆیان  بردە سەر

لانەواز    و   بێولاتم ،   وشکە             باغی ژینەکەم

باوەکو  نەخشەی  گەلاڵەی   ماڵەکەم پێنج خشتەکین

بۆ  لە  خۆڕا   باسی   چوار  و  هۆدەیی چوارین ئەکەم

ورچی قوتبی خێرو بێری بۆ گەلی کورد قەت نەبو

هەستی زرمەی نالەباری چەکمەیی پۆتین ئەکەم

نە هومێدم فاچ و فیچی پیرەرێوی توولەکە

نە چەواشەی داشداری مەسکەو و پێکین ئەکەم

ئەز هومێدم دەستوبازوی پاڵەیی کوردە لە کوێ

تازە باسی داسی خاسی کاکە ئەستالین ئەکەم

دانەوێڵە و رسق و رۆزیم زوو بە کووپەی گەورە بوون

ئێستەکانێ ئینقیلابیم، شۆڕشی کۆپین ئەکەم

کوانێ زێدم مارەیی پینچ دایکی پیاوی بێژوە؟

گەر کە وا بێ ، باوەگەورەم بۆ ئەمە تەحسین ئەکەم

کوردی کرماشان و ئیلام ، قەلبی کوردستاننمن

من بە پێناسەی لەك و لوڕ،هەست بە خۆناسین ئەکەم

تاکو چارەی خۆ نەنووسم ، ماڵێ سەربەستم نەبێ

باسی ئەنفال و هەڵەبجە و حەبس و هەڵواسین ئەکەم

مەقسەد م هەوراز و بەرزە ، رێگەکەم لێژە و درێژ

چاوە رێی هاوالی ژیر و رێبەری رێبین ئەکەم

تاوێ تازی و ترکی کێویم ، جارێ فورس و ئەرمەنم

ئەز کە کوردم!زەممی حوققە و جەعل و داتاشین ئەکەم

ئەرکی رزگاری ولاتم ، خەت و رێنووسی ئەوێ

لاگری یەك خەت و شێوەی کۆشش و نووسین ئەکەم

قارەمانی بەرزی مێژوم مستەفا بارزانیە
یادی سمکۆی جوانەمەرگ و پێشەوای پێشین ئەکەم
تامی خۆشی شەکری کوردی جەوهەری دڵسۆزیە
تف لە خوێنتاڵی فسۆس و تاڵ و ناشیرین ئەکەم
من کە مەجنوونێکی کورد و لەیلەکەم زانایە ، کەی
حەسرەتی شاکاری ژان و کردەوەی ئۆشین ئەکەم
پێم ئەڵێن لاوازە هێزت ، بۆیە سامانت نیە
دەردی من بێفێڵیە ، کوا دەقدەقەی دۆپین ئەکەم
وا ڕەش و تاریك و لێڵە ،گیارەشی شەوگاری کورد
ئارەزوی رووخانی ئاسۆ و شۆڕشی ڕۆژین ئەکەم
خۆشەویستی ئەم هەرێمە وەك گڕووهی خوێنمە
کوانێ نەزمی دڵ ئەگۆڕم، عەزمی ڕێگۆڕین ئەکەم
هێند درۆ کوتراوە بۆ من ، گوڵ کراوە بە درو
چەپکە گوڵ ژاکاو و سیسە ، هەر درو گوڵچین ئەکەم
شێعرەکانی مامە قانع ، مووبەمو حاڵی ئەبم
دەمکوتی عیسانی کاس و خوێنەری شەرمین ئەکەم
تاقە جاشی خاکی نۆرۆیژ دەنکە کیسلینگێ بوە
من بژاری دڕکەجاڕی (جیم) و (ئەلف) و ((شین) ئەکەم
بەینی بەستووین وەکو سەد ، تیغی دیواری سنوور
ئارەزوی رووخانی تیغەی دووهەمی بێرلین ئەکەم

کێ ئەڵێ عیشقی وڵاتم مەزهەری بێدینیە؟

من کە دستنوێژی توافی باڵەك و بادین ئەکەم

بۆ بڕینی ڕێی نە جاتم ، لاقی پۆڵاییم ئەوێ

کوا هومێدی دارە دارە و ڕەوڕەوی دارین ئەکەم

جابە رسمی بە رەسمی چاوەزاری خاکی پاکی مەوتەنم

رەسمی[18] ئەسپەندەر ئەکێشم،چەپکی گوڵ پەرژین ئەکەم

خۆشەویستی ئەم هەرێمە مەزهەبی سۆرانیە

فەلسەفەی واژەی محەببەت رۆژ و شەو تەڵقین ئەکەم

ئەم هۆنراوەیە لە کتێبی (ریشە پاک) دا چاپ کراوە و ساڵی 1374 یش لە زانستگەی کوردستان، لە شاری سنە خوێندمەوە. ح. س. سۆران

(1) ئایەن - کێویکە
(2) نەمسە - ئوتریش
(3) رۆژهەڵاتی دوور
(4) زێد - وەتەن
(5) پەنک - گەنجی هیپی تازە
(6) گۆتە - هۆنەری ئاڵمانی
(7) راسین - هۆنەری فەرەنسی
(8) ئیلیاد و ئودیسە - کتێبی شیعری غەرامی یونانی
(9) مامۆمەر - مەبەست لە هۆمێر نووسەری کتێبی ئیلیاد و ئۆدیسەیە.
(10) پێرەنە - جەلە کێوی پێرەنە لە وڵاتی فەرەنسە
(11) فەلسەفەی تەکوین - مەبەست لە نەزەریەی داروینە کە باسی تەکامولی کردوە.
(12) تاها - محەمەد(ص) - یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەرە، مانای پیری تەریقەت حەزرەتی سەید(طە) شەمزینیش دەدا.
(13) وێرسا - کاخی وێرسا لە فەرەنسەیە
(14) ناهید – عەبدوڵڵا(ئیفتخار) ناهید وێنەگری هاوچەرخ کە لە مەڵبەندی سەقز لە دایک بووە.
(15) پەیکەری وینووس - موجەسسەمەی وێنووس لە یونان کە یەکێک لە عەجایبی سەبعەیە و دروشمی جوانی ئافرەت.
(16) کۆڵەکەی زێرین - مەبەست لە کۆلکە زێرینەیە کە لەگەڵ زێر و زێو تەشبیە کراوە کۆلکەزێرینەیەک، کە لە پاش نیوەرۆی نێوەڕاست مانگی بەهاردا، لە دوای باران ، لە مەڵبەندی کوردەواری وەک زێر و زێو دیمەنی رەنگ دەنەخشێنێ.
(17) هەوری - چەشنە دەسماڵێکی ژنانەیە کە لە جێگەی پەچە دەیدەن بەسەردا.
(18) رسمی ئەسپەندەر دەکێشم - بۆ چاوەزار عەکسی ئەسپەندەر دەکێشم.
(19) ئەم میسراعە مانای ئەم دێرەیە(حب الوطن من الایمان).

## ئاشی ئەسرین

شەوێکی تاڵ[1] و تاریکە، دەچێژم تامی تاڵی غەم
لە شانۆی مەحشەری دڵما، هەڵستاوە جەجاڵی غەم

لە سەرما گەر ببێ لاشەی کەلاکی کۆنە ئاواتێ
دەبێتە زامی رامالی قەپاڵی داڵی زاڵی غەم

ئەمن ناڵێم کە غەمبارم، دەڵێم ئەسلی غەمم بۆخۆم
دەنێمەو ئاشی ئەشکی چەم، دەبێژم ئاشبەتاڵی غەم

بەدەگمەن گەر لەسەر لێوم بگروێ دواگوڵی خەندە
دەژاکێ بە هەناسەی دەم، دەفەوتێ بە شەماڵی غەم

بڵێی رۆژێ لە ئاسۆڕا، هەتاوی تاوی هەستاوی[2]
بپێکێ لاق و باڵی تەم، بشێوێ ماڵ و حاڵی غەم؟

مەگەر سۆران بە مەینۆشی، بچێتە خەونی بێهۆشی
هەتا مەست و خەواڵو بی، نەبیستی قەت هەواڵی غەم

(1) تاڵ = رەش
(2) هەستاوی = پڕ لە هەست

## کاروانی کەزیەکاڵ

کە کاکۆڵی کەزیەکاڵ و کەمەر کەسکان کرانەوە
گەڵاوگوڵی گەڵارێزی گوڵستانم گەشانەوە

قەتاری قافڵەی قەلبم کە قوم بۆ بۆ قەزای قوم
سروەی سوێیانی سۆرانی وەک سۆرانی سووڕانەو

# بای غەزەلخوان

من بادەی غەزەلخوانم، گەزیز و لە گریانم

گەشاد و لەسەر حاڵم، گە زار و پەرێشانم

رامشگەری سامڕەندم[1]، دارۆغەی دەربەندم[2]

من حاکمی قەندیلم[3]، سوڵتانی کەلی خانم[4]

من قاسیدی نەورۆزم، من سەروەی پڕسۆزم

من هێنەری بارانم، پێشەنگی بەهارانم

من سۆزی شنەی نەرمم، پڕهەست و بزە و گەرمم

من دوژمنی تۆف و بەند[5]، من لاگری ئارانم[6]

هاوکووفی چڵ و دارم، رازێنەری گوڵزارم

مەششاتەی نەسرینم، شانەی سەری یارانم

من نازمی هاوینم، پڕ عارەق و پڕ تینم

من تینی سەبوونی[7] گەرم، سووتێنەر و بریانم

من مەوجم و ئەمواجم، من فەوجم و ئەفواجم

من گوڕڕە و ناڵینم، تۆفانی هەریکانم[8]

گەردۆڵی کەل و شاخم، عاشق بە کەژ و داخم[9]

من سازی سەماهێنی، جێ خێڵ و هەوارانم

من مەزهەری پاییزم، بەم وەرزە ئەمن زیزم

من قەمچی گەڵارێژم ، رووتێنەری دارانم ،

من هاتیفی ئەفلاکم، من رۆشن و دڵپاکم

من لابەری تۆز و خۆڵ، من کۆکەری هەورانم

من بارەشی سەرمەستم، پڕ هێزم و پڕ هەستم

من بادەوەیی[10] بەفرم، من باڕن[11] و زریانم

من شەختەی[12] لاسارم، مەشهوور و لەسەر زارم

من میری چلەگەورە، من نوێنەری زستانم

من بام و ئەتۆ سۆران، تۆ شاعیر و من بۆران

تۆ مەند و بنەوشتی[13]، من تالبی گۆڕانم

1376/05/24

(1) سامرەند = کوێستانێکە
(2) دەربەند = دۆڵێکە
(3) قەندیل = کوێستانێکە
(4) کەلی خان = کەلێکە
(5) تۆف و بەند = سەرماوسۆڵ
(6) ئاران = گەرمێن
(7) سەبوون = گەرمای زۆر
(8) هەریکان = تۆفانێکە لە قەراغ دەریا دێ
(9) داخ = کێو
(10) بادەوە = بایەک کە بەفر دەفڕێنێ و دەبارێنێ
(11) باڕان = بارشتی بەفر لەگەڵ با
(12) شەختە = سەرمای زۆر سەخت
(13) بنەوشت = سابیت قەدەم

## ئەسرینی شادی

دیسانە و چاوی سەححاری تەلی ئیلهام ئەبزوێنێ
بڵێسەی ئاگری عەشقم، خوڕەی ئەشکم بە کوڵ دێنێ
بەڵام ئەمجارە ئەسرینم لەگەڵ قاقا بەتێکڕا دێن
چون ئەمڕۆکە بە تەنازی پەچەی لادا و دەمی دێنێ
تکەی عارەق لەسەر کوڵمی رەواقی تەلعەتی حوسنە
بەجارێ نرخی یاقووت و دوڕ و دوڕدانە ئەشکێنێ
خودایا چەندە شیرینە مەزەی لێوی بلاڵووکی
لە لایە کەوسەر ئەفرۆشێ، لە لایەک دڵ ئەشەمزێنێ
ئیلاهی ئەم دەسەملانە مەبارەک بێ لە کوڵمی گوڵ
گژەی بادی خەزان هەرگیز بەهاری رووی نەژاکێنێ
چون ئەمڕۆ جەژنی سۆرانە، بەمەستی چەشنی پەروانە
لە دەوری شەمعی مەیخانە پەڕوباڵی ئەسووتێنێ

## نا

لە لایە کەیف و گۆوەندە ، چڕەی تار و دەف و " نا"یە
لە لایەك شین و ناڵینە - مەگەر دەنگی عەزا ، "نا"یە
ئەگەر "هاتە"، هەمو "ئا" یە ،نەهاتیش بێ ،هەمو"نا "یە
وەها رەمزی بەقا قووڵە ، سەری سادەی لێدەر"نا"یە
کەسێ بیری بەما "نا" یە ، مەگەر هۆگر بە ما "نا" یە

• تێبینی : بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا بۆ خۆی بتوانێ بە دەست ئاوڵەیی مانای هۆنراوەکە لێک بداتەوە ، مانای وشەکانم نەنووسیوە .

## زستانی موکریان

ئەوا ئەمڕۆکە زستانە ، چلە گەورەی موکریانە

لە داخی سپیەتی ریشی ، فەلەك چاوی لەگریانە

زەوی ساکار و بێرەنگە، هەوا مات و کش و مەنگە

سەرۆکی کەوشەنی سەرما، کەوانەی دەنگی زریانە

شەپۆلی بەفری بێووچان،لە گوێی بان و لە نێو کووچان

گەمی دەنگی وەها قوم کرد ، کەل و ئاسۆ چەمەریانە[1]

سەرنجی شووشە پە نجێرە، سەهۆڵی چەشنی خەنجێرە

ئەڵێی وێنەی کلاسیکن ، بەسەد پەردە لەسەریانە

قەل و قاز و مراوی و کەو ، لە ژێر قەمچی تۆفانی شەو

لەگەڵ شەختە[2] دەسەوێیخەن، هومێد هەر باڵ و پەڕیانە

لە گەردوونا وەك ئەستێرە[3] ، گۆلاوی کۆرە ئەستێرە[4]

وها نوقمن ، لە نێو زوقما ، هەتەربێژن، مەتەریانە[5]

وەنەوشە و لالە ومێکووك[6]، کە نەخشابوون بە چەشنی بووك

ئەوێستا مات و داماون ، سیپاڵی رەش لە بەریانە

کڕێوە و بادەوە و بۆران ، سەقەت مەحشەر ئەکەن سۆران

چیا وا کاڵ و بەفرینە ، ئەڵێی جی خێڵی پەریانە

1342

(1) چەمەر = سەمایەکە، کە بە گریانەوە دەیکەن
(2) شەختە = سەرمای زۆر سەخت
(3) ئەستێر = گۆڵاوکە
(4) ئەستێرە = ئەستێرەی ئاسمان
(5) هەتەر = مەتەر، کایەیەکە
(6) مێکۆک = گوڵێکە

## کورد

کورد بە وردی[1] یانی گوردە ، چەشنی رۆڵەی زاڵە کورد
خالیس و خاوێن و خوڵە س[2] ، عەینی زێری قاڵە کورد

میللەتێکی کۆن و ئەسڵی بەربەیانی مێژوە
خاوەنی مێژوی لە مێژی ، چەند هەزاران ساڵە کورد

چاك و تاکە[3] ، هەستی پاکە ، خووخدەی ئینسانیە
مەزهەری ئەفکاری بەرز و چاکترین ئەحواڵە کورد

چابوك و چالاك و چوستە ، چلچرای چازانیە
نیشتگەی دوندی خەیاڵە ، چون هەڵۆی بێ باڵە کورد

قەولی کوردی و بیری مەردی ، ئیفتیخاری ئێمەیە
هۆگری پەیمان و عەهدە ، بۆیە وا بێ ماڵە کورد

هێمن و هێدی و هەژار و ئەهوەن و بێوەی ئەژی
ناحەزی کێشە و هەرایە ، دوژمنی جەنجاڵە کورد

گەر ئەپرسی بۆ پەژار و بێکەس و ئاوارەیە
من ئەڵێم هۆی هەر نیفاقە ، وا ژیانی تاڵە کورد

(1) بە وردی = بە دیقەت
(2) خوڵەس = بێ غەش
(3) تاک = تاق

## تاو

شەپۆلی ژین وەکو هەوری {بەتاو} ە
دەمێ {تاو}ە ، دەمێ رووناك و {تاو}ە
دەمێ بۆرانە ، رێبەندانە ، سۆران!
دەمێ{ تاو}ە ، هەموی {تاو} و {هەتاو}ە

- تێبینی : بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا بۆ خۆی بتوانێ بە دەست ئاواڵەیی مانای هۆنراوەکە لێک بداتەوە ، مانای وشەکانم نەنووسیوە .

## زینی زەمان

مەوتەنی من سەرفەرازە ، دوندی هەورازم هەیە

زەردی بەرز و شاخی تەرزو جەننەتی نازم هەیە

کاتێ یادی کێوی گۆیژە و ئەزمەر و شاهۆ ئەکەم

وەك پەپوولەی زایری شەم،عەزمی پەروازم هەیە

زێدەکەم زینی زەمانە ، من مەمی بۆتانی ئەو

زەمزەمی زەنوێری زاب و دەشتی دریازم هەیە

میللەتی من کۆمەڵێکە سەرگوڵی باغی جیهان

پیاوی چاك و لاوی پاك و کیژی تەننازم هەیە

فەخری ناوی ئەردەڵان و موکری و بابان ئەکەم

خانی لەپزێر و بوداق و میری پێبازم هەیە

هۆنەری هۆزێ هەژارم بۆیە وا ناوم گومە

سەد هونەرمەند و ئەدیبی شاز و بێنازم هەیە

من کە غەوواسم لە بەحری قووڵی قامووسی گەلم

گەوهەری نابی بەدیع و گەنجی ئەلفازم هەیە

ئەز لە جێگەی کەشکە خۆرە و داڵی چرچ و کوندەبو

سەقر و شمقاڕ و شەهێن و شاهەڵو و بازم هەیە

وێژەرانی نوکتەزان و نووسەرانی بەرزەبیر

بولبولانی نەغمە خوانی نەغمە پەردازم هەیە

دەنگی شێعری دڵنەوازم وا کپ و ئەسپاییە

باوەکو پسپۆڕی سازم ، سازی ناسازم هەیە

گەر بە عەستەم بیدڕێنن لاپەڕەی پەردەی دڵم

سەد پەژارەو ڕەمزی گەورەو رازی دەمسازم هەیە

من لە جێگەی بووکی شووشە و ئەسپی کایە و رەوڕەوە

بۆ مناڵانی وڵاتم، میت و گەڵوازم هەیە

خاوەنی قامی قەتار و دمدم و سوارۆ منم

پڕ بە کەڵوێ بەیت و باو و شێعر و ئاوازم هەیە

چانیە چاچا و برەیك و راکی و تانگۆ و تویست

چۆپی و رۆینە و شێخانی و نەزمی سێبازم هەیە

پەیرەوی ئەفکاری خەڵك و خووخدەی بێگانە نیم

مەکتەبێکی تازە ساز و *خاسە ڕێبازم* هەیە

عاشقێکی سینەچاکی خاکی سۆرانم ئەمن

کاتی وەسفی وەک مەسیحا سیحر و ئیعجازم هەیە

1352

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## چوارین

دارایی دنیا وەک چڵکی دەستە

ئەم چڵکەش پتر هی دەستی پەستە

سۆران چەپەڵی کەڵکێکی نییە

ئەو کەسە کەسە، کە بە مەی مەستە

## فرمێسكی رۆح :
( پێشكەش بە سەردارانی گومناوی كوردستان)

له كاتێكا كه هەوری هەست ، له قەلبمدا ئەگرمێنێ
برووسكەی هێزی ئەو هەسته ، سروشكی شێعر ئەبارێنێ

تكەی بارانی چاوانم ، له سەر ئەم عەرزه پیرۆزه
به تاقم سەروی ئازاد و نەمامی تازه ئەروێنێ

كەوانی كۆلكه زێرینه ، بەرابەر رۆژی ئازادی
له تاقی تاقی نوسرەتدا، خەزێنەی رەنگ ئەخەملێنێ

چەمی سێلاوی ئەسرینم ، له زاب و گادەر و كەلۆێ
بناغەی بەردی بێدادی ، له بێخ و بن له بن دێنێ

گولاڵەی سووری ئەم هەرده له كێو ودەشت و دەر دەردێ
دروشمی نەخشی خوێنینی شەهیدانم ، ئەنەخشێنێ

له قیبلەی قنجی قەندیلەو ، هەتا سەر سوجدەگاهی من
فریشته سەف ئەكێشێت و مەلایك عەتر ئەپرژێنێ

تكەی بارانی رۆحی من ، لەسەر ئەم زێده زەنوێره
زنەی زانست ئەتۆقێنێ و گوڵی هیوا ئەپشكوێنێ

پژەی بارشتی ئەسرینم ، له مانگی خاكه لێوەی گوڵ
سەری سەد خەڵفی سەربەستی له ژێر خویا وەدەر دێنێ

له مەیخانەی تەبیعەتدا ، هەوێنی بادەیی رەنگین
تەواوی رەنگی دورەنگی و ریاكاری ئەبەتلێنێ

هەوا وا روون و بێگەرده ، ئەڵێی جێ خێڵی پەریانه
كه یارم تەقیه ئەشكێنێ و كەپەردەی عادەت ئەدرێنێ

دەسی سەرداری گومناوی شەهیدانی نیشتمانم
نیشانەی فەخری سەربەرزی ، له سەر شانم ئەچەسپێنێ

سروشی عادڵی گێتی ئەخوێنێ دادنامەی حەق
سروودی بەرزی رزگاری به گوێی گەلما ئەچرپێنێ

ئەوینی پەرچەم و خاڵی وەنەوشەی ئەزمەر و شاهۆ
بەڵێنی وەسڵەتی پێیە و دڵی سۆران ئەلاوێنێ

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە

## تابلۆی زستان

شەختە لە شاخ و چۆڵەوە ، لە دەشتی چۆل و هۆڵەوە
بە پرپرەی سەهۆڵەوە، سەرۆکی شاخەوانە ئەو
ئەلبورز لە نووکی بەرزەوە، لە دوندی بەرزی عەرزەوە
بە تاجی بەفری تەرزەوە ، سەرداری بەفرەوانە ئەو
هەراز لە جێی هەورازەوە ، لە کۆی سیمورغ و رازەوە
بە کۆڵێ بەفری تازەوە،خونکاری رێبەندانە ئەو
دەشتی پەموی وەڵاشمە ، لە ژێر بەفر نوقم و گومە
هەتا قومی ، تێدا قومە ، لووسە وەکو هەسانە ئەو
کۆڕی قەل و قۆرینگ و قاز ، لەگەڵ گژەی باڕەشی جاز
هەوا ئەڵێن بە سۆزی ساز ، ئۆرکێسری عارفانە ئەو
هەتاوی زەردی بێ شەبەق ،بە بێ بزە و بە بێ رەمەق
لە بن هەور ، وەکو تەبەق ، زیوەری ئاسمانە ئەو
هێڵەکی وردی هەوری تاڵ ، بە زەبری قۆڵ و شان و باڵ
کەنوی هەور ئەکا بەتاڵ ، شەنگەر و ئاشەوانە ئەو
زریان لە کێو و یاڵەوە ، بە بارێ ناڵەناڵەوە
بە سەمفۆنی خەیاڵەوە ، سرووشی نەغمەخوانە ئەو
کلیلە بەفری کۆن و نوێ ، لە لانسار و دەم نسێ
لە گۆمی قوولّی بەفر ئەچێ ، هەوێنی بەفرەکانە ئەو

قەتاری کێوی سەر بەتەم،لەگەڵ فەلەك ئەگەن بەهەم
چون وشتری سپی بەغەم ، بە چەشنی کاروانە ئەو
لق و چڵ و ترۆپی دار ، کە رووتە وەك لەشی هەژار
لەسەریە ، زوقمی بێژومار ، لوستێری دارستانە ئەو
جەلەی ئەسێرە بێوچان ، لە هەڵمەتی کزەی بەیان
ئەکەن مەلە لە ئاسمان ، گوڵاوی کەهکەشانە ئەو
بەرەی سپی زوقمی تەنك ،بزر-بزر ، دەنك- دەنك
وەکو لباد و کەپەنك ، رۆکێشی عەرزی پانە ئەو
جۆگە لە شیو و دۆڵەوە بە قارقارەی سەهۆڵەوە
بە دەممەك و دەهۆڵەوە ، گەرۆکی بێوچانە ئەو
سۆران بە سیحری خامەوە ، بە سەنعەتی کەلامەوە
بە شێعری پڕپەیامەوە ، وێنەگەری زەمانە ئەو
تاران 1367/10/24

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## خۆر

نیفاق و قەرقەش و کێشە، رەپێڵەگەی هۆزی خۆخۆرە
دزێو و بەدفەڕ و تاڵە، هەناوخۆرە وەکوو خۆرە
نەمامی سوڵح و خوشبەختی، لەسەر ئاسۆی سەفا ڕادێ
چون ئەو خەڵفە بەری زۆرە، نیازی بە بزەی خۆرە
1367/05/17

# بڵێسەی ئەوین

وەرە شەونەم بەسەرگەردی دو چاوی مەست و کاڵت بم
بەڵاگەردانی ئەندامی نەمامی چواردەساڵت بم
وەکو پەروانە سەرخۆشم، لە سوێی تیشکی سەری کوڵمت
دەبی سووتاو و بێ هۆشی گڕی شوعلەی جەماڵت بم
بزەی لێوی وەکوو لەعلت تەوژمی رەمزی هەڵبەستە
فیدای عەتری هەناسانی چما موشکی غەزالت بم
دڵم گیری چڵی داوی سەری کەزیەی تەڵاینتە
ئەڵێی مورغی شەواهەنگە و ئەبێ نەخچیری خاڵت بم
بڵێسەی ئاگری عەشقت چرای ژینی شەوەزەنگمە
چ خۆشە هەروەها سێرەی سیلەی چاوی کەژاڵت بم
دڵی سۆران ئەناڵێنێ لە تاوی گوڵ وەکو بوڵبوڵ
ئەڵێ شەونم مەڕۆ دایم رەفیقی مانگ و ساڵت بم .

## قانوونی ژین

ناوی چاکت پێ نەمێنێ، تەختی خاقانی چییە؟
جیلوە و جاە و جەلالی عالەمی فانی چییە؟
گەر بناغەی ماڵی چاکە بۆ گەلی خۆ چانەکەی
دەبدەبەی کۆشک و تەلار و قەسری ئەعیانی چییە؟
دڵ کە هۆبەی[1] هێز و هەستی پاکی و چاکی نەبێ
چاڵی سامالّی[2] خەیاڵی چەوت و شەیتانی چییە؟
دۆست رەفیقی باوەفا و یەکدڵ و گیانی نەبێ
مێشە کوێرەی دەوری شۆکە[3] و هاوەڵی نانی چییە؟
ماڵ ئەبێ هۆدەی ئەوین و لانکی ئیسار بێ
موبل و یەخچاڵ و فریز[4] و فەرشی کرمانی چییە؟
کوڕ ئەبێ مەند و مەتین و قارەمانی ژین بێ
قەددی بەرز و جوانی چاک و یۆسفی سانی چییە؟
گەر بڵێین و قەولی کوردی و بایەخی مەردی نەبێ
مەدرەک و ئەسناد و سەفتەی پووچ و بی مانی چییە؟
ژن ئەبێ شەرمین و ژیر و هۆگری تەگبیر بێ
لێوی ئاڵ و چاوی کاڵ و سەروی سەر کانی چییە؟
لاگری عیسانی باشم، هەر کەسێ بی هەر ئەوە
تورک و تات[5] و هۆزی سامی و رۆم و یونانی چییە؟
گەر ویقار و شەرم و تەقیە و زیوەری نەبێ
خواردنی سود و قومار و کاری حەیوانی چییە؟

گوێ که ئامادەی هەواڵی بیستنی ڕاستی نەبێ

ساجی پانی لاڕووێری دەستی زەنگانی چییە؟

چاوکە دەربیجەی شعوور و دەرکی دەور و بەر نەبێ

چاووئەبرۆی وەک کەوان و نەخشی دەست مانی چییە؟

سەر کە جێگەی عەقڵ و بیر و سەنعەت و زانست نەبێ

کوولەکەی خاڵی و بەتاڵی ماڵی یابانی[5] چییە؟

شیعری من قانوونی ژینی خەڵکی قەڕنی بیستەمە

تا بزانن دابی چاک و پەندی سۆرانی چییە

(1) هۆبە = هۆدەی هەوار
(2) ساماڵ = پڕ
(3) شۆکە = شیلەی دار، کە مێشە کوێرە لێی دەنیشێ
(4) فریز = فریزێر
(5) تات = تاتار
(6) یابانی = ژاپۆنی

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## چوارین

وەرە خزمەتی نیشتمان بکە

بۆ سەرکەوتی ئەو بەدڵ تێکۆشە

سۆران، لەو چەشمەی کە ئاو ئەخۆیتەو

گەر بەردی تێ خەی نێو کەڵەت بۆشە

# شیوەنی هۆنەران بۆ حەڵەبجە

ئەمڕۆ لە دڵما ، شەپۆڕ و شینە
شاری حەڵەبجە ، بە خوێن ڕەنگینە
بووکی شارەزوور ، تارای خوێنینە
شاخی هەورامان کەیلی گرینە
شاهۆ لە تاوا ، پیشەی گریانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

گازی ژەهراوی گولەی پڕ لە ژار
قەتڵی عامی کرد ، ژینەواری شار
هەروایە بەشی . میللەتی هەژار
یا ئەیخنکێنن ، یا ئەیدەن لە دار
ئەسرینی قەندیل ، چەشنی بارانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

ئەحمەدی خانی لە بۆتانەوە
بە مەموزین و بەیتی جوانەوە
هاتە نێو کۆڕی شەهیدانەوە
شیوەنی بەردی ئەتاوانەوە
حەڵەبچەش ئێستا وەك بادینانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

هۆنەری کۆیی ، حاجی کۆڵنەدەر
لە حەیفا ، سەری لە خاك هێنا دەر
کردیە گریان و چەمەر و ڕۆڕۆ
فرمێسکی چاوی بو بە تەنجەرۆ
حەڵەبچە زێدی میری بابانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

پیرە مێردی مەرد ، پیتۆڵی گەورە
جێگەی شانازی، شازی ئەم دەورە
کەوای سەربەستی خستە سەر کۆڵی
گۆچانی مازوی ئاڵاندە قۆڵی
حەڵەبچەش ئێستا گردی سەیوانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

×

هۆنەری بێدار ، ئەحمەدی موختار
لە داخی زوڵمی زاڵمی بەدکار
کەوتەوە وتە و وتار و هاوار
هۆنیەوە تاڵی ملوانکەی ئەشعار
حەڵەبچە گڵکۆی سیاچەمانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە

حەمدی بەرزە بیر،جێگەی شانازیم
هاوبیری ڕچەی نزمی و هەورازیم
فەرموی:کواتارا،کوا هێرۆ، کوا ژین ؟
هەڵمەت لەکوێیە،کوامەم،کوانێ زین ؟
حەڵەبچە شاری ساحێبقڕانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە
×
لە سلێیمانیە و فایقی بێکەس
لە داخی بەعسی، زۆرداری تەرەس
گەییە حەڵەبچە ،بە شین و زاری
ئەسرینی ئەڕژاند بۆ ، کوردەواری
حەڵەبچە شاری شا سلێیمانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە
×
مفتی پێنجوێنی ، هات بە عاباوە
تەزبێح بەدەست و دەم بە دۆعاوە
پرسی: ئەم شارە بۆچی خامۆشە ؟
تەواوی مرۆڤ ، بۆچی رەشپۆشە ؟
حەڵەبچە گوڵی دەربەندی خانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە
×
قانیعیش هات و بە شێعری کوردی
رژاندی ئەشکی ئیحساسی وردی
شینێکی گێڕا، بەردی کرد بە ئاو
قوڕی گرتەوە ، بە خوێنی ڕژاو
مەعشووقی ئەو بو ،ئەم کوردستانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە
×
ماموەستای گەورەم،سەیفی گەلپەروەر
لە موکوریانە و رەشی کردە بەر
هاتە نێو کۆڕی شەهیدانی کورد
سڵاوی هەنارد بۆ زل و بۆ ورد
زمانی سەیف ، شیری دەبانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە
×
ئەمجارجگەر خۆێن،بە جەرگی خوێنین
لە بادینانەوە ، هاتە کۆڕی شین
شیوەنی ئەکرد ، بە هێزی هەناو
بۆ شاری چۆڵی هۆڵی کەس نەماو
حەڵەبچە ، وێنەی قامیشلی وانە
ئەم مەرگەساتە ، نەنگی جیهانە
×

هێمنی دڵسۆز ، له سابڵاغەوه
به ئێشی زام و جەرگی داغەوه
گەیيه مەجليسی سەرخۆشی شارێ
شارێ ، كه بارێ ، ژارێ ، دەبارێ
كورتەكيش وەك ئەو دەردی گرانه
ئەم مەرگەساته ، نەنگی جيهانه
×
ئەمجار مام هەژار هاته شينەوه
به ناڵەی دەروون ، به ئەسرينەوه
گرتی له باوەش ، تەرمی هەژاران
فرمێسكی رژاند ، وەك لزگەی باران
تەرەغەش خەريك چەمەرگێڕانه
ئەم مەرگەساته ، نەنگی جيهانه
×
بەعسی رەگەزكوژ ، نايانەوه داو
نه ژن ما،نه پياو،نه كچ ما، نەلاو
گازی ژەراوی خەردەل وەك بۆران
خنكاندی هۆزی دڵسۆزی سۆران
هەرچەند ، حەڵەبچه بو به وێرانه
ئێستاش هەر لانەی بەچكه شێرانه

1374/12/26

ئەم هۆنراوەيه له زۆر مێدياوه بڵاو بوەتەوه .

## مافی مرۆڤ

مرۆڤی جيهان هەمو هاوبەشن

پاكی ئەندامی يەک گيان و لەشن

سۆران، جياواز نين، گشتی وەک يەكن

چ سوور، چ سپی، چ زەرد، چ رەشن

# شانۆی ساڵی تازە

بەهاری یاری دڵ هاتەوە، کەژ و کێوپارە غەمڵاوە
لە شەوقی دیمەنی جوانی قەڵەم واقی لێ وڕماوە
شنەی باسەر[1] ئەلاوێنێ بە عەتری گوڵ دڵی بولبول
سەمایە، چۆپیە، بەزمە، چ لەملاوە، چ لەولاوە

قەنارە و قومری و سێرو، لەسەر دار و لەبەر زەردن
سەرۆکی تیپی مۆسیقای تەپ و شیو و کەل و هەردن
خەریکی وەسفی مەولوودە[2] و قلیچقایە[3] و کەماچاڕن[4]
بوێژی کانی و باغ و ملە و چۆم و پلە و بەردن[5]

نقووشی چیمەن و قۆپی بەهارستانی شیرینن
هەوارگەی کووزەڵە و پنگە و مەنێ و بەیبوون و نەسرینن
شەتاو و جۆگەلە و چۆمی تەنیشتی باغی ئاواتم
بە کەوسەر پەنگ و پارا و پڕ و شەنگۆڵ و ڕەنگینن

گەزیزەی پیرمحەمەد[6] هەروەکو پیرۆزە رەخشانن
گێلاخە و کەنگر و مەزرە دیاری شاهی مەردانن[7]
چڕ و شاخی قەرەتەکیە[8]، کە هۆی ئیلهامی سۆرانن
پەرێز و بەندەنی تەرزی دەڵێی دیبای ئەلوانن

(1) باسەر = بایەکە کە زۆرتر لە بەهار و هاویندا دێ
(2) تا (8) = گشتیان نێوی کێوگەلێکن لە ناوچەی موکریان

# مامە قالە

## (تابلۆمووزیکال)

• - مامە قالە[1] ! ئەی دەروێش عەبدوڵلای سۆران ، شمشاڵ ژەنی مەزنی ڕەبەن ، ڕۆڵەی زەمان ؛ دەنگی زەنگی خۆش ئاهەنگ و هەوای شەنگی کۆنی مێژو ، بیرخەرەوەی هەست بزوێنی سەردەمی زو ، پیری دەوران ، ئەی ئاهەنگسازی بە ئاوەز ، ئەی داهێنەری بێ نیشان . هاوڕێ و هاوڕازی سۆزی ساز ، پارێزەری دنیایە ڕاز ، هونەرمەندی شازی بێ ناز ، ئەی ئیلهامی پڕ پەیامی قا م و بەیت و بەستە و ئاواز .

• - ئەی دەوڵەمەندی دەستبەتاڵ ،هەناسەسارد ، پسپۆڕی لێدانی شمشاڵ ، خوێندکاری مەکتەبی شوانی و دەشتەوانی ،ئەی قوتابی کێو و چیا و دەشت و دەوەن ، لێدەری شمشاڵی ڕەسەن ، ڕۆڵەی شەوێن[2] و بانەمەڕ ، دەزگیرانی پەری جوانی ، چاودێری مەڕ ، وەستای ئیشی پەز و کار و بەر خەوانی ، تۆ بازی دەوری تەرەغە و چیاکانی موکوریانی .

• - خولقێنەری گەنجی هونەر ! خاوە هونەری گەڵ پەروەر ، دۆستی گیانی گیانی دوکتەر[3]، دەستبەتاڵی خاوەن مندال ، ئەی پسپۆڕی ئاکادێمیا و زانکۆی نەزمی بەزمی شمشاڵ ، مامۆستای شوبێرت و شۆپەن ، مێملی ئۆرگی یاماها و لوتی بەرقی و قەمیش و فەن ، ڕۆڵەی زگماکی ساکاری کۆنە هەواری ئێش و غەم ، پەپوولەی عاشقی کوردان ، سووتاوی تیشکی وشکی شەم ، وێڵی هەواری چۆڵ و هۆڵ و دەشت وچەم ، نانەوچنی نانی شوانی و مەڕۆیی کاتی بەیانی ، پاکت ئەنجام دا پڕ بە دڵ ، لە هەوڵ و کار قەت نەتکرد سڵ ، ڕۆڵەی شاخ و داخ و بەرد بوی ، شوانی مەڕ و مەردی هەرد بوی .

• - مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

• - سۆزی لۆرەی شمشاڵەکەت ، هێزی هەستی شنەی مەستی جامی خەستی خەیاڵەکەت، کزەی ئامێرە زاڵەکەت ،دڵبزوێنە و تۆشەی دڵە ، ڕامکەری مرۆڤی سڵە ، دەنگی هەزاری سەر چڵە . ئەو لاوژە و بەستە و حەیرانە ،بیرخەرەوەی کاتی زوە ، پەرەی دیرۆکی زیندوە ، هی دەورەی بوداق سوڵتانە ، کە سەرداری موکوریانە ،خاوەنی قۆشەی کوردانەی زەربی [4] خاکی کوردستانە ،سروەی باسەری ئێوارەی دەشتی چۆمی مەجید خان و بناری چۆمی لاوێن و هەواری کۆنەلاجانە ، شەماڵی دەشتی شامات و نەسیمی گوندی دریازو شەقەی ماچی کچی کۆلانی ماچانە[5] ، شەقامی کۆنی مێژویی هەرێمی شاری وێرانە [6] ، قەڵای سەربەرزی سەردارە ، کە بووکی شاری بووکانە[7] ، کە شاری کاکە سۆرانە ، خورەی ئاوی شین و ئاویی کەناری تاڤگەیی کرژی هەرێمی کەسکی شەڵماشە ، خوڕینی چۆمی کەڵوێیە و تەوژمی گادەری پەنگی خوڕ و پانە ، وەبیرهێنی شاری سنە و ئەمیرانی ئەردەڵان و قەسری کۆنی پاڵەنگان و زرێبارو قەڵای کۆنی مەریوانە ، وەسفی کێوی ئاویەرەی بووکی شەنگی کوردستانە ، ئاورە سوورەکەی زەردەشتە ، کە ڕۆڵەی شازی سەردەشتە ، مێژوی شاری چوارچرایەو و مەدحی پێشەوای پێشینە ، کە خۆشەویستی خەڵکیە و سەرۆک کۆماری کوردانە .

• - مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو .

• ـ ئەو شمشاڵە هەست بزوێنە ، خەم رەوێنە ، ناڵەی ئەشعاری ناڵیە ، تۆزی رێگەی شارەزوری هۆنەرێکی رێگەدوورە ، وەڵامی نامەی سالم و داری پیری پیرمەسوورە ، سنووری چۆمی خاپوورە ،هێند حەزنیە ، خەزێنە و کانی ئەسرینە ،سەبوونی دەشتی هەولێر و گەرمای گەرمی گەرمیانە ، شەختەی کوێستانی قەندیلە ،قیبلەی قنجی کوردستانە ،بە وێنەی بەیتی دمدمە و هەستی نەرمی مەموزینە . تەزبێحی میری لالەشە ، کتێبی مەسحەفا رەشە[8] ، حەسێنەری رۆح و مێشک ومرخ و بیر و لەشە ، قەڵای کۆنی شاری دێرین ، هەولێر پێتەختی خوێن شیرین ، ماڵی ئێستای کوردە ژنە ، کە ژاندارکی کوردستانە ، جێگەی شانازی هەموانە .

• ـ ئەو شمشاڵەت، ئەو ئامێرە پڕ لە ناڵەت ، رامدەچەنێ ،مێژوی کوردم وەبیردێنێ ، لە ئوقیانووسی خەیاڵدا ، لە نێو گۆلاوی هەواڵ دا ، دەمباتە بەرزایی بەرزان ، زێد و دروشمی چازانی ، شێخ سەلام و شێخ ئەحمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی ؛ دەمباتەو سولەیمانی و شاری کۆنە ، شاری گەورەی مەلیک مەحموودی تاقانە ، شاری شێعر و هەست و هونەر، مینگەی هۆنە ، دەمباتە سەرگردی یارە ـ گۆیژە و ئەزمەر لەوێ دیارە ـ، دەمباتەوە گردی سەیوان ، گڵکۆی مرۆڤی خاوەن بیر ، مەکۆی هونەرمەند و هۆزان ،جێی شانازی هۆزی کوردان ، قەبرستانی شەهیدەکان ، شەهیدەکانی کوردستان ،کوردستانی گەورەی سۆران .

• ـ شنەی دەنگی هەستی پەنجەت، وەبیر هێنی قەڵپەزەی چۆمی سیروانە ،بەرجەوەندی کێوی هڕگە[9] و دوندی تەتەو و شاخ و داخی پڕ لە باخی ناوچەی هەورام و گۆرانە ، خۆڕەی تاڤگەی کرژی بڵ و ماریفەتو پیر شالیاری پیری تەختە ، قسەی حەققی سەرەنجامی[10] سووڵتان ساهاکی دێرینی پەیام هێنی دڵۆڤانە ،تیشکی ئاتەشگەی لەمێژی کێوی شاهۆی کن پاویە و بەرگی مێژوی بەردەنووسی هەرێمی گوندی هەجیج و سانەکانی هەورامانە ، کە کان و کانی سانانە .

• ـ مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

• ـ دەنگی خۆشی شمشاڵەکەت ، هەستی سروەی شنەی نەرمی گۆمی وانە ـکە هی ئێمە و بە دەست وانە ـ دەقی مێژوی شەرەفخانە ،شۆڕشەکەی ئاڕارات و ئاگریداغی ئیحسانی نووری قارەمانە . منارەی مزگەوتی نەمرووت ، چیرۆکی ناوچەی جزیر و دەشتی سەوزی بادینانە ، گوڵی باژێری بۆتانە . زریانی کاتی ئێوارەی کەڵەشارەکەی ئامێدە و بزاڤی مەزنی فەرهەنگی بنەماڵی بەدرخانە ، خەباتی دادەلەیلایە و گرتوخانەی ئێمرەلیە ، جێگەی ئاپۆی دڵۆڤانە ، شۆڕشی شێخ عوبەیدیلا و شێخ سەعیدی میری پیری پیرانە .

• ـ بە هۆی دەنگت، بە هۆی پەنجەی داهێنەری شەنگت ،دمبەیتەوە باڵەخانەی کۆنی مێژوی کاتی پێشو ، دەچمەوە کێوی بێستوون ، قەڵای فەرهاد، پاڵەوانی کوردی ناشادی رەنج بەباد ، تاقی تاقوەستان ئەبینم ،شاری کرماشانی مەزن ، قەلبی کوردستانی گەورە ، شانازی سۆران ئەبینم ، کتێبی فەرهاد و شیرین ،" هەرچەن مەواتان " ئە خوێنم ، هۆنراوەی شاعیری نەمر ، خانای قوبادی بیرەوان ، رۆڵەی دڵۆڤان ئەخوێنم . دەمبەیەوە کووچەکانی شاری دێرینەی دینەوەر ، سەدان کەسی خاوەن بیر و مرۆڤی چازان ئەبینم ، دەچمەوە عیلامی[11] پێشو ، لە مەیدانی شاری ئیلام ، پەیکەری شاعیری نەمر ،غوڵامڕەزاخان ئەبینم ، شاکە و مەسوورخان ئەبینم ، عێلی گەورەی بەختیاری و کەلۆڕ و لەک ، مرۆڤی دڵپاکی رەبەن ، خەڵکی لوڕستان ئەبینم .

• ـ سۆزەی دەنگی شمشاڵی تو ، قامیشی نێو بە تاڵی تۆ ، مێژوی شاری قامیشلیە و دیڕۆکی کۆنی عەفرینە ، یادی کرمانجی ئیزەدی و گۆلی سێوان و لاچینە ،باسی شیروان و قووچانی خوراسانە ، پەیامی شاری جابانە[12].

• -ناڵەی شمشاڵی شەنگی تۆ ، کزەی دەروونی تەنگی تۆ ، دەنگی کۆنی پەری ژینە ، فۆلکۆرە، کەلەپوورە ، قسەی لاس و سیامەندە و باسی بەیتی مەم و زینە ، قەتاری عەلی مەردانە و سەحەری دەنگی سێوەیە و پێزی هێزو مایەی ژینە ، سروودی بەزەو ئەوینە ، دژی کێشە و زوڵم و رق و قینە .

• مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

• - دەنگی لۆرەی ئەو شمشاڵەت ، هۆرە و سیاچەمانەیە ، تراژێدیای ساڵ و قەڕن و بانگەوازی زەمانەیە ، باڵۆرەی حوزنی حەیرانی جانانەیە ، شینی دایکی شەهیدانی کوردستانە ، ناڵەی زامی ساردەوە بوی پێشمەرگەیە، کە گیانفیدا و قارەمانە ، زمانی حاڵی هەژارە ، بۆڵەی مرۆڤی بێکارە ، ئاهوناڵەی برسیان و ئاواران و بێ ماڵانە ، سروودێکی راستەوخۆیە ، دژ بە ئەنفال و حەڵەبجەو بە سەردەشت و دارەلەک و قەڵاتانە .

• مامە قالە ! قاڵە مەڕە ! هەر ئەوندە !

مانای بڕێک لە وشەکان :

(1) مامە قالە = ماموەستا قالە مەڕە ، شمشاڵ ژەنی ناسراوی کورد . (2) شەوێن = شەو لەوەڕی ران . (3) دوکتەر = دوکتور ... ( 4) زەرب ( زەربی قۆشە و سکە ) . (5) کۆڵانی ماچان = جێگەیەکە لای خانێ . (6) شاری وێران = شاروێرانی موکوریان . (7) بووکان = بۆکان . (8) مەسحفا رەش = کتێبی پیرۆزی ئایینی هاو خوێنە ئێزەدیەکان . (9) هڕگە یا وڕگە – کێوێکی رماوە سەیرە ، لە فەراغی چۆمی سیروان . ( 10 ) سەرەنجام = کتێبی ئایینی هاو خوێنە ئەهلی حەقەکان . (11) عیلام = وڵاتی کۆنی عیلام . (12) جابان = شارێکی کورد نشینی لای تاران .

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## چاکە چاکە

لە حاستی دۆست و دوژمن، هەمیشە چاکە، چاکە
هەر کەس کە ئیشی چابێ، جێی رێزی پیر و چاکە
سۆران ! بە زەبری چاکە ، لە دڵدا ، جێگە چاکە
کەسێ گەر تامی تاڵە ، تۆ قەند بە ، ئەو بە چاکە

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## داوەتی مەی

ساقیا دەنگت هەڵێنە، وەک "صەبا" هەی مەی بکە[1]
رو لە خەڵکی مەیپەرست و هێدی و بێوەی بکە
بەیتی مەینۆشی لەبەرکە، رۆژ و شەو دەوری بکە
هەل چەلێکە، پیاڵە تێکە، سەرپری بادەی بکە
هەر کەسێ ئەفکاری مەی[2]بو،هەر بە مەی گەورەی بکە
چش لە ژینی جاوجۆڵ و تاج و تەختی کەی بکە

موتریبا میزرابی چەنگت هەڵگرە بەو تارەوە
فەوجی مەوجی نۆت بنێرە گوممەزی دەووارەوە
داخی قەلبی خۆت برێژە، هەرچی بو مەیشارەوە
تا مەلەک لەسەر سەفینەی کەوکەب و سەیارەوە
بێن لە کۆڵی دەن بە دەسرۆکە کڵاوی لارەوە
نەخشی سەرچۆپی بگێرە و "داوەتی مەی" تەی بکە

پۆلی خێڵی حۆریانی جامە تەنگ و شۆخ و شەنگ
غەرقی پاموورە و پیاسە و پرپرە و پارە و پەرەنگ
مەستی هەستی جامی خەستی خاسەمەی خۆش ئاوورەنگ
رێژەری ئەشکی ئەوینی وەک شەتاوی مەنگی پەنگ
بێنە کۆڕی مەیگوساران، هەڵپەڕن بە دەنگی چەنگ
تۆش لەسەر بەی مەی بنۆشە و "دەی دەی"[3]و "کەی کەی"[4]بکە

ساقی و سۆران و موتریب گەر لەگەڵ مەی ئەککەون
مەی بگێڕن، مەی بچێژن، نەی بژێنن، نەسرەون
غەیری باغی رەزنەنێن و غەیری هێشو نەدرەون
بچنە کۆڕی ئەو کەسانەی ناحەزی[5] خەونی شەون
دەنگی نەغمەی کیژە حۆری چاوخەواڵو بژنەون
شاددانی غەم بکێشە و ریشەکانی پەی بکە

1368/07/13

(1) هەی مەی = وەراو مەی
(2) مە = ئێمە، مەی
(3) دەی دەی = زووکە زووکە
(4) کەی کەی = کەنگێ کەنگێ
(5) ناحەز = دوژمن

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

# هەستی هۆنەر

هەستی هۆنەر وا بەهەستە
بەرۆژ و شەو،بە مەی مەستە
بەرجەوەندی سەردەمی ژین
پڕە، بۆئەم لە قاقا و شین :
مەسەل،چاوی نەرم و بەڵەك
گەلاویژی گەشی فەڵەك
گۆ و بەرۆك و دەست وبازن
كە مۆسیقای بزە و نازن
بەهار،چیمەن لە گوێی رووبار
كە ئێكسیرە بۆ گەستەی مار
خوڕەی هەڵدێر یا شەتاوان
زەل و زنەی دەم زناوان
كە زەنوێرە دەور و پشتی
كە ماكووزە هەمو گشتی
یا گیارەشی بەهارە شەو
كە داڵدەیە بۆ ژوان و خەو
گرمەی هەوری مانگی گوڵان
كە ، دائەخورپێنێ دڵان
یا شەوەكی كاتی بەهار
جریوەی مەل،لە دێ،لە شار
یا چواردەی مانگ، لە هاوین دا
بە شەو،لەگومەزی شین دا
گەڵاریزی گەڵاریزان
كە چڵ ئەیخەن بۆ ئامێزان
یا بەیانی ، كاتی زستان
رووگەی دڵی چۆڵ پەرە ستان
كاتێ وەسڵ ئەبن لە چاو
وەك كارەبای قەوی بە تاو
گڵۆپی دڵ رووناك ئەكەن
ئەو بێ غەش و زگماك ئەكەن
تەكان ئەدەن هەست وخەیاڵ
قەڵەم وادێتە گوڕ و گاڵ
گا گەشەی دێ ،گاهێ گرین
تاوێ كەنین ،تاوێ ئەسرین
بۆیە سۆران لە هەر شوێنێ
بە پێنووسی دوڕ ئەچێنێ

# وەرە ساقی

وەرە ساقی بە کوڵ بێنە دڵی کەیلم بەهۆی بادە
بە جامێ مەی خەڵاتم کە و سەری تونگەم لە بۆ بادە
شەرابی ئاڵی واتایی بدە دەستم فەلەک بادە
تەپ و تۆزی خەیاڵات و خەفەتباریم وەبەر بادە
بەقییەی ژینی کەم ماوەم دەبا دێوانە و مەست بم

بەڵام موتریب دەخیلت بم، نەوای سەنتوور تارم بێ
زڕەی چەنگت وەکوو سۆزەی نیگاری کەزیە تارم بێ
تکەی عودی سەفابەخشت مەزەی ئەفکاری تارم بێ
فسوونی دەنگی شمشاڵت خۆراکی پوود و تارم بێ
سەراسەر عومری ئەفسانەم دەبا شەیدا و پڕهەست بم

لەویش ئیلهامی تەنناز و وەفادار و لەباری من
دڵم گەش کا بە خوێنگەرمی و بلاوێنێ لە باری من
فەلەک بەڵکو بدا ماوەم، بەدی بێ کاروباری من
هەتا دوا زەربی دڵ سۆران، کە دەڕوا کۆچ و باری من
دەبێ هەر تاڵیی بێ "بادەی خەیاڵ و بیر و هەڵبەست" بم

سالی 1343

ئەم هۆنراوەیە ساڵی 1352، لە لایەن دۆستی خۆشەویسمەوە کاک سوارە ئێلخانی زادە، لە رادیووە بە کێ بەرکێی ئەدەبی دانرا.

## دیمەنی بەهار

خاکەلێوە گەییە ئاخر، بانەمەڕ پەیدا بوە
بەندەن و لاپاڵ و سەرکەل وەک تەرا خارا بوە
کۆترەباریکە لەسەر چڵ بۆیە وا شەیدا بوە
چونکە زستانی شرودڕ بێ لف و تەنیا بوە
ئێستە کاتی چاوەبڕکێ و وەختی دەستەملانیە

تیشکی رووناکی ترووسکە بەچەی هەوری دادڕی
پڕ تەوژمی زەرق و بەرقە وەک بڵێسەی "ئاگری"
هەوری تاڵ و رەش بە گوڕمەی پێکەنینەو داخوڕی
حوکمی شۆڵاوەی بەهاری بەسەر مەڵبەندا بڕی
ئێستە وەرزی پێکەنین و بەستە و گۆرانیە

چۆرە چۆرە و چۆم و چۆماو چۆمەڵان چۆڕاوە بوون
پڕ فرمێسکی پێکەنین، بۆیە وا پەنگاوە بوون
لوول و گرژ و گێژ و کرژن، وەکو قژ رازاوە بوون
وەک فریشتەی بەختی بووکن، هاوسەرینی زاوە بوون
سوورشت گەرمی گەشت و گێلە و سیکنە و سەرخانیە

فەلا و شوان و شەنگەبێری پڕبەدڵ شادی ئەکەن

سەیری ئەییامی بەهار و ڕۆژی ئازادی ئەکەن

بەدرەقەی دەوری سەهۆڵ و نەخس و بێدادی ئەکەن

بەزمی گۆڕانی زەمان و چەرخی شەدادی ئەکەن

مامە سۆرانیش لەوێیە و هەر پلەزیقانیە

ساڵی 1343

## چوارین

عومری رابردو ئەفسانەیەک بو

عەجەب پەژارە و تەنگانەیەک بو

سۆران داهاتوش کە نادیارە

ئەم ژینە سەقەت جانانەیەک بو

## تەمەنی مرۆڤ

لەم جیهانە چەپەڵە میر و وەزیران ئەڕۆن

تەنتەنە و رووتی ئەڕۆن، مات و زەویران ئەڕۆن

ئەو کەسە قەت نەمرە ناوی مەزن بێتە بەشی

گەر بەمە فەرقی نەخەی، شاە و فەقیران ئەڕۆن

هەلەژین وەربگرە، ئەم خولە کە نایەتەوە

عومر میزانی نییە، جەحێڵ و پیران ئەڕۆن

درێژایی تەمەنت جێگەی سەرنج دان نییە

تەمەنی پانت بوێ، کەودەن و ژیران ئەڕۆن

پڕبەدڵ چەشنی سۆران لاگری زانین بکە

فەتحی ئەم موڵکە بەشە، دەبدەبەی میران ئەڕۆن

## جەژنە پیرۆزەی نەورۆز

ساڵی تازەیە و کاتی نەورۆزە

ئاهەنگی یاسای لەمێژی هۆزە

سۆران بە کوردی پێشکەشت ئاکا

هەستی بەتینی جەژنە پیرۆزە

## شەبەقی زەردەخەنە

لێو کە وا باری هەیە ئاوی بەقاخێزی ئەوێ
شەبەقی زەردەخەنە و ماچی شەکەرڕێزی ئەوێ
پێلوی چاوم بە خوڕەم تاڵی سەدەف دانە ئەکا
سیلەی چاوی سەنەم و ئۆخەی و ئامێزی ئەوێ
دڵ کە شەو دەقدە قەیە، ناسرەوێ تاکو بەیان
عاشقی رۆژی گەشە و ژینی شەواوێزی ئەوێ
دووکەڵی ئاخی دەروون بەڵگەیە بۆ عەشقی سۆران
شیعری وا گەرم و پەتی ئاگری پڕهێزی ئەوێ

## یەکیەتی

خەڵکی نیشتمان گەر یەکگرتو بن
پێیان ناوێرێ ناحەز و بەدکار
سۆران، بێگانە چی لە دەستی دێ
هۆرەی دار نەبێ، ناقەڵەشێ دار

# ئاوری نەورۆز

حەوت شەو و رۆژی رەبەق
هات شەماڵی کەلە شەق
دوایی هات بورجی لەقلەق
رابورد زستانی دڵ ڕەق

شەماڵ گەڵێ بە پۆزە
چونکە ئاوری نەورۆزە

شەماڵ زریانی کرد شەل
ئەتوێنێ بەفری سەرکەل
شنگ و گێلاخە و خەرتەل
ئەمروو کێنە دشت بە گەل

ئەکەن جەژنە پیرۆزە
چونکە ئاوری نەورۆزە

گەزیزەی ساڵی تازە
بێنخۆشە بێ ئەندازە
بەهار گەییە دەروازە
کاتی راز و نیازە

مەل ئەدوێ تۆزە تۆزە
چونکە ئاوری نەورۆزە

لە شارستانی و بڵباس
ئەپۆشن سیپاڵی خاس
دەق ئەدەن فەرش و پڵاس
دەرئەکەن زستانی کاس

مەبارەك بێ لەم هۆزە
چونکە ئاوری نەورۆزە

منداڵی وردی دڵجوان
ئەرژێنە کووچە و کۆڵان
پووش ئەکێشن بۆ سەربان
دائەنێن بە دڵ و بەگیان

منداڵ دەماغی قۆزە
چونکە ئاوری نەورۆزە

هێلکەی سوور  و  ئاڵ و مۆر
سەوز  و شین  و زەرد و بۆر
ئەینە خشێنن  جۆر  بە  جۆر
ئەیگۆڕنەوە ، نۆر  بە  نۆر

دنیا      بۆیە      ئاڵۆزە
چونکە ئاوری  نەورۆزە

خۆر   ئاوبو   لە  نسار
هاتە   ژوورەوە   بەهار
دامرد   زستانی   بێعار
دیسان جووت ئەگرن دڵدار

سەمەنی   ساوا  و  سەوزە
چونکە  ئاوری   نەورۆزە

لە  گویسوان  و  لە سەر گێر
ئاگر  زستانی  کرد  کوێر
دیزەی  ڕەش  وەکو  تاوێر
لە هەوراز بوون  سەرەوژێر

ئەشکێنن  دیزە  و  گۆزە
چونکە  ئاوری نەورۆزە

جا ،  هەلاوە     مەلاوە
ببون  بە  بووك    وزاوە
شت    بخەنە  نێو  تاوە
دەرکەوت لە پاش ڕۆژاوە

سۆران   بۆیە  بە سۆزە
چونکە ئاوری نەورۆزە

1342 ی هەتاوی
ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

# ئامۆژگاری پرشنگ

رۆڵە پرشنگ! ئەی کیژۆڵەی ورد و ژیر و لاوەکەم
چووزە خەڵفی چۆکەڵانەی ژینە پر گێژاوەکەم
شێعرەکانم گوێ بدێرە ، هێزی هەستی چاوەکەم
تابڵێن پرشنگ بزانە و شایستەی باوانیە

رۆڵە پرشنگ! هەر بخوێنە ، زۆر بەرێزە خوێندەوار
پللە ، پللە ، رایبوێرە ، مەکتەبی دێهات و شار
تا ئەبیتە بیرمەندێ رێك و پێك و هۆشیار
تا بڵێن پرشنگ بەزەینە و نابیغەی دەورانیە

رۆڵە پرشنگ ! هەڵمەواسە،جاجیلە و بەرمووری زل
قەت کەڵانە دامەدوورە و مەیکە دەست و مەیخە مل
خوت مەرازێنەو بە بۆنەی ، دیمەشۆرە و خەنەو کل
تا بڵێن پرشنگی موکری ، خۆی ئیلاهەی جوانیە

رۆڵە پرشنگ! باسی ئاڵ و شەوە و دێوەزمە مەکە
گش پرو پووچی بەتاڵن ، سەیری ئەم بەزمە مەکە
خووخدەی دەورەی نەزانین،تۆقەت ئەم نەزمە مەکە
تا بڵێن پرشنگ بەهەستە و بیرورای یەزدانیە

رۆڵە پرشنگ !قەت بە حوققەی جادوگەربڕوا   مەکە

ژینی چاك و بەختیاریت ، لە ساحیر داوا   مەکە

نەك بڵێی یاسایە کۆنە - کۆنیش بێ تۆ   وا مەکە

تابڵێن پرشنگ   قەوارەی   هەیکەلی   چازانیە

رۆڵە پرشنگ! چاوی چاوم ، تۆ بە گۆترە شو   مەکە

قەت تەماعی شوغڵی زاوە و دەوڵەتی خەسو   مەکە

گەر کە بیرت   هاوتەرازە ، چرتەیە سێودو   مەکە

تا بڵێن پرشنگ   دروشمی   مەزهەری   ئینسانیە

رۆڵە پرشنگ   تاکو دەکرێ ، خزمەتی کۆمەڵ   بکە

چاکە خوازی زەحمەتکێش بە و حەزی تەممەڵ   بکە

ئافەرینی هی بە کەڵك و دەمکوتی ئەنگەڵ   بکە

تا بڵێن پرشنگ   قوتابی ، فەلسەفەی   سۆرانیە

پرشنگ - کچی سۆرانە. سۆران لە ساڵی 1341 ی کۆچی هەتاویدا، کە پرشنگ دوو ساڵانە بوە، ئەم هۆنراوەیەی نووسیوە.

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## سەوزە

هۆگری بەژنی پڕ و هەنیەیی مەڕمەڕ منم
لاگری مەمکی خڕ و هەیکەلی عەرعەڕ منم

سەوزەیی رەش ئەسمەرم، بووکی هەناسەی شەوە
هۆگری هۆزی ڕەش و قیبتی و بەربەڕ منم

شەونمی کاسەی گوڵی سەرلەبەیانی ئەوە
باغی خەزانی کزم ، لق لق و پەڕپەڕ منم

دەنگی زڕ و ناسکە، هاوڵی تار و نەیە
وێژەری بەیتی بلەو و بزبز و مەڕمەڕ منم

کانی بزە و شادی و خۆشی و قاقا ئەوە
رێژەری ئەشکی گەشی خوڕخوڕ و تەڕتەڕ منم

قەشمەر و شەنگ و مەلەنگ ، ئەسمەر ونەشمیلە ئەو
قڕقڕ و فرفڕ ئەوە ، وڕ وڕ و هەڕهەڕ منم

شاکچی لەنجەی لەش و لارە و داغە ئەوە
خوازەری رەقس و سەمای کەش کەش و گەڕگەڕ منم

خرپن و نەرم و شلك ، خرخڕ و شل شل ئەوە
کزکزی دەردی هەناو ، رەق رەق و لەرلەڕ منم

سۆزی تەزوی تاسەیە ، شەوخەوی سۆرانە ئەو
شڕشڕی تۆفانی عیشق ، سڕسڕی سەرسەڕ منم

کاک ناسر سینا لە خوێندنەوەی بەسەرهاتی مندا، لە بەشی کوردی رادیۆ تارانەوە، ئەم هۆنراوەیەی خوێندۆتەوە. ح.س.سۆران

## برووسکەی هەنیسك

چون تەوژمی رۆژی گەردوون ، هەر لە هەنیەی ئەو ئەکا
دڵ لە گیری داوی بسکا ، هەر لە سۆنەی شەو ئەکا

چاو لە تاوی چاوی مەستی،مەنگە ، هەستی لانەما
مەستی کاسەی هەستی خەستە ، وا بەدایم خەو ئەکا

گەردنی شووشەی گوڵاوە ، عەتری ئیلهامی هەیە
گەر نەچێژم لێوی ئاڵی ، مرخ و تەبعم سەو ئەکا

مات و رەشپۆشە بەهارم ، رەعدی ئەو بو بە هەنیسك
بۆیە چاوم لێی ئەبارێ و ئاوی خوێنین کەو ئەکا

چاوە برکێی کارە بایە ، کاتێ ئەگرێ سیمی لەش
هۆش و هەست و هێز و هیوا ، گش لە گیانم رەو ئەکا

چاکە باسی خۆشەویستی ، هەر لە دڵدا راگرم
گەر بدرکێ و گەڵ بزانێ ، دەنگوباسی هەو ئەکا

بەرز و تەرزن، وردەکاری سەبکی وێژە بۆ غەزەل
بۆیە شێوەی بەیتەکانم ، هەر لە شێعری نەو ئەکا

## چەماوە

قەدی سەروم بەهۆی پیری چەماوە
هەچی دابووت، هەمووم داوە، چەماوە؟
کەچی تازە دەڵێی قەرزاری سۆران
لە خوسرانا سوروشکم وەک چەماوە؟
چەماوەیکە، کە لێڵاوی چەماوە !!!

# کەوای ئەوین

تێبینی سەبارەت بە بیچمی بڕێك لە وشە چەند ماناییەکان:
بە کەڵك وەرگرتن لەو کلیلەی دوای هۆنراوەکە ، جاری وا هەیە دەتوانین ئەم شێعرە بە چەند لەون مانا بکەینەوە ،کە ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردیە.

بڕۆت چەشنی کەوانە ، چون کەوانە[1]
ڕەشی بسکت ، شەوانە ، چون شەوانە[2]
بزەی لێوت ، کەلێوە ، چون کە لێوە [3]
موژەت تیری دەبانە ، چون دەبانە[4]

یەخەی سنگت کەزێوە ،چون کە زێوە [5]
دڵم دیلی مەمانە ، چون مامانە [6]

وتە و شێعرت ، کەلامە ، گش کەلامە [7]
بەدیعی رووت بەیانە ، چون بەیانە[8]

قەد و بەژنت ، نەمامن ، بۆی نەمام من [9]
تەپەی قەلبە ، کەژانە ، چون کەژانە [10]

ئەوینی مە کەوایە ، چون کەوایە [11]
لیباسی تازەمانە ، تا زەمانە [12]

(1) ”کەو“ یا ” کەوان“.
(2) ”شەو“ یا ”شەوە“.
(3) کە”لپوە“ یا کەلپوە ”.
(4) ”دەبە“ کردن یا“ دەبان“ .
(5) کە ”زپوە ” یا ” کەزپوە“ .
(6) ”مەمانە ” یا ” مەم گەلە ” .
(7) کە ” لامە ” یا ”کەلامە“
(8) وشەی بەیان چوار مانای هەیە :بەیانی وتار، بەیانی دوای شەو ،کپوی بەیان، لە هەوشار و بەیگەل.
(9) ” نامەمن ” یا ”نەمام من ” .
(10) کە ”ژانە یا ”کەژانە ”
(11) کە ” وایە ” یا ” کەوایە ” .
(12) تا”زەمانە ” یا ”تا زەمانە ”

## شێوەدی بابا مەڕدووخی رۆحانی (شیوا)

کە مەڕدووخی زەمانم چوو، دڵم غەرقی غەمە ئەمشەو
کە خۆری خاوەر ئاوا بو، سەما یەکسر تەمە ئەمشەو

کەل و ئاسۆ بە کوڵ ئەگرین، ئەرێژن شەونومی ئەسرین
شەپۆلی ئەشکی ئاویدەر، وەکو جۆگە و چەمە ئەمشەو

سەرم وەک کێوی شاهۆیە، لە دەوری هەوری غەم کۆیە
تەواوی مەینەتی دنیا، لە مەغزی من جەمە ئەمشەو

تەمی شەو چەشنی دەیجوورە، سنە بێنوورە - خاپوورە
شەوستانی عیلم چۆڵە، پەپوولە بێ شەمە ئەمشەو

نەسیبی خەڵکی ئەم هەردە، هەموو داخ و غەم و دەردە
غەمین و مات و رەشپۆشن، پەژارەی ئەعزەمە ئەمشەو

بە مەرگی ئەو دڵم خوێنە، ئەڵێم ئەشعاری بێ وێنە
لە شینی شیوەنی شیوا، شەپۆڕ و ماتەمە ئەمشەو

مەشاهیری گەلی کوردی، بەنێوبانگە بە جێوردی
ئەوەی خەڵکە زل و وردی، چەمەرگێری ئەمە ئەمشەو

کتێبی کەنزی دەورانە، وەکو لاڕووسی سۆرانە
جێگەی شانازی هەموانە، هەچی بێژم کەمە ئەمشەو

ساڵی 1367

ئەم هۆنراوەیە ، لە بەرگی سێی کتێبی مەشاهیری کورد دا ، لە ژیان نامەی مامۆستا بابا مەڕدووخ رۆحانی دا ، چاپ کراوە .

## چوارین

قەت غەمی عومری رابردو مەخۆ
چون لەدەست چوە، لە شوێنی مەچۆ
نە ژین و نە زگ توێشە هەڵگر نین
ئەوەی کە خورا، چ تاڵ، چ گەزۆ

## خۆشەویستی

بەندی چاڵی گەردنم، ماقی جەماڵی ئەمنم
دیلی کەزیەی سەنەمم ، تالبی خاڵی ئەمنم

دەقدەقەی وسڵی نیگار بو بە خدەی قەلبی هەژار
سڕ و گێژ و وەڕەس و غەرقی خەیاڵی ئەمنم

بێ پەڕەی باوەشی گوڵ کێویە ئاوارەیە دڵ
لە نەبوونی سەنەما کاس و دڵخاڵی ئەمنم

دڵم زامی موژەیە، پێکەر و عاشق کوژەیە
هەدەفی جەغزی برۆی چاوی کەژاڵی ئەمنم

بە گڕی تەلعەتی یار تەبعی ئەمن هاتە وتار
مەزهەری عەشقی ئەدەب، واریسی ناڵی ئەمنم

## پەلەوەرەکانی باغی ئاوات

لە شانۆی باغی ئاواتا عەجەب سوڵح و سەفایەک بو
نە هیچ بوغر و نە هێچ کینە، نە هیچ قڕڕە هەرایەک بو
جەلەی تاوس وەکوو تارا، کەوانی ئەتڵەس و خارا
بە کۆڕ ئەیخوێند، نە شیوەن بو، نە هیچ لەونە تەمایەک بو
کەو و کۆتر چ خشپیلە، قنەی ئەکرد لە پشت میلە
کە خۆر نەختێ پەچەی ئەدڕا، عەجەب نەغمە و سەمایەک بو
قەل و قومری و قەنارە و قاز، ئەیانخوێند بەستە و ئاواز
بە بێ ئورکێسری سەفۆنیک، عەجەب نەغمە و هەوایەک بو
بە چەندین لەونی تێدا بو، هەمو هۆز و گەلی جیا بو
نە هیچی دوژمنی یەک بو، نە هیچ کێشەی بەقایەک بو
نە سەرباز و نە ئەفسەر بو، نە پۆلیس و نە عەسکەر بو
نە هیچ تەققە و نە هیچ تۆقین، نە هیچ رۆمەڵخەزایەک بو
نە دوکتور بو، نە دەرمان بو، تەبیعت راگری وان بو
نە هیچ دەرد و نە هیچ ئێش و نە هیچ لەونە پەتایەک بو
ئەگەر ئێمەش وەکو وان بین، دژی کوشتار و لێدان بین
نە هیچ جەنگ و نە هیچ قین و نە هیچ قالو بەلایەک بو
ئەگەر خەڵکی جیهان پاکی، بکەن تۆبە لە ناپاکی
نە ژینت وا ئەبو سۆران، نە هیچ لەونە بڵایەک بو
1342/02/01

## ئازادی

وشەی ئازادی چرای ژیانە

ڕۆشنکەرەوەی هەردو جیهانە

لە شەوەزەنگی تاریکی زوڵما

گزنگی ڕوونی تیشکی بەیانە

وشەی ئازادی جوان و شیرینە

دژی تاڵیە ، هەنگوینی ژینە

خەڵاتی عەرشی، یەزدانی بەرزە

هی گشت هۆزێکە،هی هەمو چینە

وشەی ئازادی مانای گەلێکە

هی هەر کەسێکە، هی هەر گەلێکە

ئەم وشە بەرزە ، سنووری نیە

هی هەر چەلێکە،هی هەر هەلێکە

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## هات و نەهات

ژیانی مە کە ڕێکەوت و بەراتە
ئەگەر "هاتە" هەموی سەرکەوت و هاتە
نەهاتیش بێ ئەوەی هیچە خەباتە
لەوەی مەدوێ کە "هات" هات و "نەهات" هات
چون ئەم ژینە مەکۆی هات و نەهاتە

## کارەساتی عەشق

خاوەنی عەشق و دڵم، هۆنەری فەرزانە منم
بولبولی دەوری گوڵم، وێژەری گوڵخانە منم
پەیکەری مرخی من و شەمعی شەوستان ئەتۆی
خولم بە شەوقی کوڵم، هاودەمی پەروانە منم
ئافەتی گیانی من و فیتنەی دەوران ئەتۆی
گیری پەیکان و چڵم، سیامەند ئەلعانە منم
چەنگ و بادە و مەزەم و پیاڵەی ئەلوان ئەتۆی
خۆش و نەشئە و لە کوڵم، رۆڵەی مەیخانە منم
تەوژم و گەرم وگوڕی ژینی هەژاران ئەتۆی
گەرمی تینی سکڵم، رێڕەوی مەستانە منم
مانگی رازاوەی من و زیوەری ئاسمان ئەتۆی
جەزبی تیشکی خشڵم، لاگری لەرزانە منم
هۆی هەمو هۆنەری و هەڵبەستی سۆران ئەتۆی
مەستی بێنی سمڵم، شاعیری دێوانە منم

## چارەنووسی گوڵۆک

خۆر بە چارشێوی رەشەوە و پێ ئەکەنێ
ئەشکی شادی بە زەویدا ئەچەنێ
شنەبای وەرزی بەهار دێ بە نرم
گژ و گیا هەڵ ئەپەڕێنێ بە گەرم
قژی گوڵ دائەهێنێ، شانە ئەکا
تکەی ئاوەنگ بە چپە دانە ئەکا
لە چیا چووزە گوڵۆک دێتە سەما
"لە هەوای سازی سروشت تاجب ئەما"
لە پەڕەی باوەشیدا کەیە ئەکا
هەر لە کۆرپەی شلکی دایە ئەکا
ئەشنێتەوە وەک مناڵی شیرە خۆر
بەختیلکەی ئەکەنێ لێوی بەمۆر
کاتێ بارانی بەهار بیری ئەکا
هەور ئەیلاوێنێ بە دەنگ ژیری ئەکا
مژ و تەم ماچی ئەکەن لێوی گەشی
پێی ئەدا سنگی فەلەک شیری لەشی
تا لە پاشا تەوژم و تینی سەبوون
لەپڕا خاری ئەکەن وشک و زەبوون
بەمەسەل کاڵەو ئەبێ چەشنی سۆران
ئەیتەزێنێ گژەبای بەفر و بۆران

## تاڵە

خەیاتەی پرچی پرچینی، لەسەر روخساری تاڵ تاڵە
لە گیری تاڵی زوڵفیدا، ژیانم کەکرە و تاڵە
لە سوێی عەشقی وەها ماتم، بەیانم وەک شەوی تاڵە
لە بۆ ماچی دەمی یارم، گەزۆ و مازوم بەدەم تاڵە
وەها گێژ و کز و مەنگم، بەتاڵە تالیع و تاڵە

1367/05/17

## خام

لەکاتی سەردەمی لاوی، فیکر کاڵە، عەقڵ خامە[1]
ئەوەی پێت ئەتڵەس وفایە، نیوەی جاوە، نیوەی خامە[2]
لە باسی کاڵی و خامی، زمان کورتە، کولە خامە[3]
کەسێ پێ نێ لە عەیبی خۆی، پتر خۆشە هەتا خامە[4]

(1) خامە = کاڵ و نەگەیشتوو
(2) خام = پارچەیەکە زۆر شاش و زبر
(3) خامە = قەڵەم
(4) خامە = تویێشیرێکی چەورە کە وەک رۆنی کەرە وایە

## خەزان

چون خەزانە، باغی ئاوات ئێستە کاری زاریە
پۆلی دار و بنچک و گوڵ پاکی دەردی کاریە

بای هەناسەی ئاخی زریان، هێرش و راماڵ ئەبا
سەیلی ئەشکی کاڵی زەردەی نەونەمامی جاریە

با بە هاژەی بێ وچانی شیوەن و ناڵینەوە
قشقەڕەی بێ خانولانی، یەکبەخۆی هاواریە

بێنی عەتری لالەکانی مەحوە، ناگاتە موشام
بۆنی توندی سیرەباغی، جێگر و جێداریە

دەنگی قومری و سەقر و سێروی لێبڕاوە خەڵوەتە
کوندەبوی و ێران و چۆڵی، وێژەری شەوگاریە

چیمەڵانی جوانی تەرزی وا کرووز و بێ دەقە
کە دروشمی بێ وەفایی و سەغڵەتی و بێزاریە

شەختە خونکاری شەقام و دارۆغەی چوارێیەتی
لالق و تەرز و ترۆپی رووتە، بەم بیماریە

من بە هاری بێ خەزانم قەت نەدیوە تا ئەژیم
غەیری باغی شێعری سۆران، پایزیش گوڵناریە

ئەم هۆنراوەیە لە زۆر مێدیاوە بڵاو بوەتەوە .

## بەزمی مەیخانە

بە هاوڕێی چاونەخۆشان ، چوینە كۆڕی مەینۆشان

گەینە ڕزی مەجلیسی، مەستان و چاو خوماران

شانۆی بەزمی مەیخانە ، وەك چیمەنی گوڵخانە

كەوتە سەما ، بە سۆزەی كەمان و عوود و تاران

چرگەر بە هەستی گەرمی ، ئەیوت بە دەنگی نەرمی

ئەیخستە كەیف و خۆشی ، نەخۆش و دەردەداران

ساقی بە لار و لەنجە ، بە نازی دەست و پەنجە

بیساتی مەی ئەگێڕا ، لە بەینی دۆست و یاران

مەزەی شەڕابی تاڵی ، ماچی دو لێوی ئاڵی

پەلكەی شێواوی كاڵی بو بە داوی هەژاران

من و دڵبەر بە مەستی،بوینە جەزبی ئەلەستی

خوماری عیشق و مەی بوین ، بە گوێرەی بێقەراران

سۆران نەچیری داوە ، گیرۆدە و دڵنەماوە

لە سای تیری نیگاهی ، گەیی بە دەردەداران

## چوارین

مەستی مەجازی بە مەستی نابێ
بە عارەق بادە پەرەستی نابێ
سۆران لە جامێ شەراب بنۆشە !
كە لەو پیاڵە دا دڵپەستی نابێ



# ژن

{بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆژی ژن } .

هێنەری   هەستی ژیانە ، مەزهەری  ژیوارە  ژن

ڕێبەری  هۆزی  مرۆڤە ،  ڕێخەری  ئەدوارە ژن

نوێنەری   دایە حەوایە ،  پەیکەری  وێنووسە ئەو

زایەڵەی    ویست  و هیوایە ، لانکی  ئەفکارە  ژن

کۆڵەکەی  ماڵ   و منداڵە ، لانکی          یەککەوتنە

لابەری    پەستی    و   نیفاقە ، نازمی  کردارە ژن

دەقدەری   ئەخلاقی   گەنجە ،   ڕێنوێنی نەسلی لاو

دانەری   پایەی خەیاڵە ، بۆ بەشەر  مێعمارە  ژن

دیمەنی    عیشق   و  ئەوینە ،   لاگری دڵنەرمیە

دوژمنی   قین   و   قڕانە،  ناسك   و نازدارە ژن

تابلێی    ڕەحمی  بەتینە ،  خۆشەویستی      خەڵکیە

بۆ   برا  و باب و کەسانی ، هۆگر و غەمخوارە ژن

بێغەش  و  سادە و سەلیمە، چەشنی ئاوی  زیندەگی

لە تەواوی پیس و چەوتی،بێ بەش و ڕزرگارە  ژن

ژێری پێی جێگەی بەهەشتە،ئەشرەفی مەخلووقە ئەو

بۆ  تەواوی خەڵکی دنیا ،  سەروەر و سەردارە  ژن

هەڵگری     باری    منداڵە  ، قارەمانی     بێنیشان

ڕۆژ و شەو غەرقی تەلاشە ، فاتیحی شەوگارە  ژن

دایەن {1}ی سۆران  و   نالی و سوارە و گۆرانە ئەو

هۆگر  و  بەرز  و  بەڕێز  و  ئەشرەف  و سالارە ژن

{1}  دایەن  =  مامۆستا  ، بەرپرسی  پەروەردە و بارهێنان